Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.5

# ئیستاتیکای زمان لە ڕۆماندا بە نموونەی ڕۆمانی "بنووسە خوێن"ی "جەبار جەمال غەریب"

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Karzan Namq Qader
karzan.n.qader@su.edu.krd

RECEIVED :02 /05/2025
ACCEPTED :17/06/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

**کارزان نامق قادر** / بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**کارزان موحسین قادر**/ بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**وشە سەرەکییەکان:**
ڕۆمان،
ئیستاتیکا،
زمان،
بنووسە،
خوێن.

## پوختە

ئیستاتیکای زمانی ڕۆمان، هونەری بەکارهێنانی زمانە بۆ ئافراندنی جیهانێکی ئەدەبی پڕ لە هەست و نەست و خەیاڵ، کە تێیدا ڕۆماننووس لە ڕێگەی وشە، دەستەواژە، وێنەی ئەدەبی، شیعرییەت، دیالۆگ، وەسف و گێڕانەوەی هونەریی، دەنگ و ڕەنگ بە بابەت و بیرۆکە و چیرۆکەکانی دەبەخشێت. تەنها پەیوەندی بە جوانی ڕستەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە توانای زمانەوە هەیە لە گواستنەوەی هەست، بیرۆکە و دۆخی دەروونیی کارەکتەرەکان. لەم چوارچێوەیەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ئافراندنی پێکهاتە و بنیات و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە و گواستنەوەی خوێنەر بۆ ناو جیهانی چیرۆکەکان. ئەم تایبەتمەندییانەش هەڵبژاردنی هۆشیارانەی ڕۆماننووسن، کە دەبێتە بەشێکی جیانەکراوە لە ناسنامەکەی و شێوازی تایبەتی ئەو لە نووسیندا. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئیستاتیکای زمان لە ڕۆماندا بە نموونەی ڕۆمانی "بنووسە خوێن"ی "جەبار جەمال غەریب")ە، ئامانجمان پشاندانی ئیستاتیکای زمانە لە ڕۆماندا، پاڵپشت بە نموونەی دەقێکی ئەدەبی هاوچەرخ. ئیستاتیکای زمان لە ڕۆماندا، بە تایبەتی لە ڕەخنەی ڕۆماندا و بەدیاریکراوی لە چوارچێوەی ڕۆمانی "بنووسە خوێن" توێژینەوەیەکی وردی لە بارەیەوە ئەنجامنەدراوە. لەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر زمان دەکرێتەوە وەک ڕەگەزێکی سەرەکیی دەق، کە لایەنی جوانکاریی و ناواخنی دەق پێکدێنێت و زۆربەی چێژ و جوانییەکانی دەق لە خۆی دەگرێت.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١. پێشەکی:

زمانی سیستەمێکی زیندووی فرەڕەهەندە، کە بەردەوام لەژێر کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکاندا گەشەدەکات. گرنگیی زمان لە پەیوەندیکردن، دەربڕینی ناسنامە، کارلێکی کۆمەڵایەتیی و گواستنەوەی کولتووردا دەردەکەوێت. لەئەدەبدا، هەر ژانرێک شێوازی تایبەتی خۆی هەیە لە بەکارهێنانی زماندا، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی کاریگەریی و ئەزموونی جیاواز لای خوێنەر. زمانی ڕۆمان زۆربەی کات خاڵی یەکلاکەرەوەی دەقە، بۆیە سەرکەوتنی ڕۆمان لە توانای زماندا دەبینرێتەوە بۆ وەسف، گێڕانەوە، ڕیزبەندی ڕووداوەکان و دروستکردنی واتای چاوەڕواننەکراو. ڕۆمانی "بنووسە خوێن"ی "جەبار جەمال غەریب" نموونەیەکی بەرچاوە لە بەکارهێنانی ئیستاتیکای زمان، کە بە شێوازێکی هونەریی و داهێنەرانە زمان بەکاردێنێت بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێکی پڕ لە ئازار و ئومێد. لە ڕێگەی زمانی شیعریی، دیالۆگی زیندوو، وەسفی وردی ڕووداوەکان و دەربڕینی خوازەیی، کە ئاماژەن بە ئەزموونە تاڵەکانی ژیان، ئاستی فرەڕەهەندی دەق و چەندین لایەن و واتای شاراوە دەخاتەڕوو.

### ١.١. سنووری توێژینەوە:

ڕۆمانی "بنووسە خوێن"ی "جەبار جەمال غەریب"، بە سنووری ئەم توێژینەوەیە داندراوە.

### ٢.١. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

لەبەرئەوەی توێژینەوە لە ئیستاتیکای زمان لە ڕۆمانی "بنووسە خوێن"ی "جەبار جەمال غەریب" تا ئێستا لە ئاستی پێویستدا نەبووە و ئاوڕێکی وای لێنەدراوەتەوە، بۆیە لەم توێژینەوەیە هەوڵدەدەین ئەم بابەتە بۆ خوێنەر و ڕەخنەگران فەراهەم بکەین. لەلایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئیستاتیکای زمان لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ڕۆماندا.

### ٣.١. ئامانجی توێژینەوە:

پیشاندانی ئیستاتیکای زمان لە ڕۆماندا، بە دیاریکراوی لە ڕۆمانی "بنووسە خوێن"ی "جەبار جەمال غەریب"، جەختکردنە سەر زمان وەک ڕەگەزێکی گرنگیی دەق و لایەنی چێژ و جوانی دەق، ڕۆماننووس چۆن ئیستاتیکای زمانی مەزراندووە لەناو دەقەکەیدا، بە چ شێوەیەک لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگیداوەتەوە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە.

### ٤.١. میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا بە مەبەستی دەرخستنی ئیستاتیکای زمان لە ڕۆماندا، سوود لە میتۆدی تەواوکاریی وەرگیراوە، لەژێر ڕۆشنایی چەمکەکانی میتۆدی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، بونیادگەری، دەروونی و تا سیمۆلۆژیش، خوێندنەوە و شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ ڕۆمانەکە دەکەین. هەموو ئەم چەمکانە یەکتری تەواو دەکەن بۆ زیاتر ئاشکراکردنی ناوەڕۆک و نهێنی و تەکنیکەکانی دەق، کە بەشێکی پەیوەستە بە لایەنی تیۆری و بەشەکەی تریشی لایەنی پراکتیزەکردنی ڕۆمانەکەیە چونکە لەوانەیە میتۆدێک تەنیا لە یەک لایەنەوە ڕۆمانەکە ڕووناک بکاتەوە، بەڵام میتۆدی تەواوکاریی بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقەکە لە چەندین لاوە ڕووشنایی دەخەنە سەر ڕۆمانەکە و پانتاییەکی فراوانتر ئاشکرا دەکەن، لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای بیرۆکەیەکی یەکگرتوو دامەزراوە، واتە جۆرە نەرمییەک لە بەکارهێنانی ئەم میتۆدەدا هەیە، کە چەندین بابەتی جیاواز لەخۆدەگرێت و زانیاری لە شێوەی بیرۆکە و چەمکی پەیوەندیدار بەیەکتر دەخاتەڕوو.

### ٥.١. پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە پوختە جگە لە زمانی کوردی بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، پێشەکی و دوو بەش پێکدێت: لە بەشی یەکەمدا "چەمک و پێناسەی زمان، ئیستاتیکای زمانی ڕۆمان و ئیستاتیکای ناونیشان وەکو لایەنی تیۆری و دواتر شیعرییەتی ناونیشان لە ڕۆمانی "بنووسە خوێن"دا" لە دوو تەوەردا خراونەتەڕوو. لە بەشی دووەمدا " لە تەوەری یەکەم، سەرەتا وەکو لایەنی تیۆریی ڕۆڵی زمان لە بنیاتی ڕووداو باسکراوە، دواتر ڕۆڵی زمان لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانی "بنووسە خوێن"دا پراکتیزە کراوە. لە تەوەری دووەم سەرەتا وەکو لایەنی تیۆری پەیوەندیی نێوان زمان و دیالۆگ باسکراوە، دواتر هەوڵمانداوە ئامانجە هزری و هونەرییەکانی زمانی دیالۆگ لە ڕۆمانی "بنووسە خوێن"دا پراکتیزەبکەین" لە کۆتاییدا ئەنجامەکان خراونەتەڕوو، سەرچاوەکانیش بەپێی ڕیزبوونی ئەلف و بێی کوردیی ڕیزکراون.

## ٢. ئیستاتیكای زمان له‌ ڕۆماندا:

### ١.٢ چه‌مک و پێناسه‌ی زمان:

زمان چه‌مكێكی گرنگه‌ له‌ ژیانی مرۆڤدا، له‌به‌رئه‌وه‌ی هۆكارێكی گرنگی په‌یوه‌ندیی دروستكردنه‌ له‌ نێوان ته‌واوی مرۆڤایه‌تی، هه‌روه‌ها وه‌كو چوارچێوه‌یه‌كی ده‌ربڕینی هۆشه‌، كه‌ ئه‌مه‌ش وایده‌كات چه‌مكی زمان له‌ پێداویستییه‌ گرنگه‌كانی ژیان و كۆمه‌ڵگه‌دا بێت. ((له‌لایه‌ن تاكه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ په‌یڕه‌وده‌كرێت و پایه‌كی سه‌ره‌كی بنیاتنانی كۆمه‌ڵگه‌یه‌، به‌هێزترین هۆی به‌یه‌كه‌وه‌ به‌ستنه‌وه‌ی ئه‌ندامانی كۆمه‌ڵه‌، واته‌ زمان و كۆمه‌ڵ په‌یوه‌ندییه‌كی پته‌و به‌ یه‌كه‌وه‌یان ده‌به‌ستێته‌وه‌، به‌ جۆرێک مرۆڤ هه‌ر جموجۆڵێك له‌ كۆمه‌ڵگه‌دا ئه‌نجام بدات، زمان تێیدا به‌كارده‌هێنرێت)). (سلێمان، 2022، ل6). ئه‌گه‌ر له‌ گۆشه‌نیگایه‌كیتر بۆ چه‌مكی زمان بڕوانین، وه‌كو ڕووداوێكی سروشتی و كۆمه‌ڵایه‌تی، ئه‌و ڕێڕه‌وه‌یه‌، ڕووداوه‌كان تێیدا ڕووده‌ده‌ن و ده‌گۆڕێن. كه‌واته‌: زمان ده‌بێته‌ پێوانه‌یه‌ك بۆ جووڵه‌ و گۆڕانكارییه‌كان، له‌ ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا، بۆیه‌ ڕێكخه‌ری ژیان و چالاكییه‌كانی مرۆڤه‌. تێگه‌یشتن له‌ زمان گرنگه‌ بۆ پلاندانان و به‌ڕێوه‌بردنی كاره‌كان. له‌م ڕوانگه‌یه‌وه‌ زانسته‌كان گرنگی به‌ چه‌مكی زمان ده‌ده‌ن، كه‌ ڕه‌هه‌ندێكی بنه‌ڕه‌تییه‌ له‌ بوونی مرۆڤایه‌تی له‌ جیهاندا، كه‌ ڕووداو و گۆڕانكارییه‌كانی تێدا ڕووده‌ده‌ن، له‌به‌رئه‌وه‌ی هه‌ر گۆڕانكارییه‌ك له‌ كۆمه‌ڵگه‌دا ڕووبدات، گۆڕانكاریی به‌سه‌ر زمانیش دادێت و كاریگه‌رییان له‌سه‌ر یه‌ك هه‌یه‌، به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ش گۆڕانكاریی له‌ زمان گۆڕانكاریی كۆمه‌ڵگه‌ به‌دوای خۆی دادێنێت.

زمان ئامرازێكی گرنگ و سه‌ره‌كییه‌ له‌ ژیانی مرۆڤدا، كه‌ ڕۆڵێكی به‌رچاوی هه‌یه‌ له‌ په‌یوه‌ندی و گه‌یاندنی بیروبۆچوونه‌كان، زمان ته‌نها سیسته‌مێكی په‌یوه‌ندیی نییه‌، به‌ڵكو به‌شێكی جیانه‌كراوه‌یه‌ له‌ كولتوور و ناسنامه‌ی هه‌ر نه‌ته‌وه‌یه‌ك. ئه‌گه‌ر چی له‌سه‌ره‌تادا مرۆڤ زمانی بۆ به‌ستنی په‌یوه‌ندی به‌كارهێناوه‌ و لای گرنگ بووه‌، به‌ڵام له‌گه‌ڵ سه‌رهه‌ڵدانی كۆمه‌ڵگه‌ و نه‌ته‌وه‌، له‌ پاڵ ده‌ربڕین و په‌یوه‌ندیی ڕه‌هه‌ندێكی نه‌ته‌وه‌یی وه‌رده‌گرێت. ئه‌گه‌ر له‌ ڕوانگه‌ی هه‌ستی نه‌ته‌وه‌ییه‌وه‌ سه‌یری بكرێت، ئه‌وا زمان ده‌بێته‌ پێناسه‌ی نه‌ته‌وه‌ و به‌ به‌شێك له‌ ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یی داده‌نرێت، ته‌نانه‌ت پیرۆزیی و خۆشه‌ویستیی و شیرینیی زمان ده‌گاته‌ ڕاده‌یه‌ك كه‌ تاكه‌كانی نه‌ته‌وه‌ له‌پێناویدا ده‌بنه‌ قوربانیی و شۆڕش بۆ به‌كارهێنانی هه‌ڵده‌گیرسێنن. (توفیق، 2007، ل7). كه‌واته‌: له‌ جیهانی ئه‌مڕۆدا زمان وه‌ك ناسنامه‌، له‌پێناو مانه‌وه‌ و به‌هێزكردنی ده‌یان ناوه‌ند و ده‌زگای گه‌وره‌ی بۆ دامه‌زراوه‌، خه‌رجییه‌كی زه‌به‌لاحی بۆ ته‌رخانكراوه‌ له‌لایه‌ن زۆربه‌ی نه‌ته‌وه‌كان، كه‌ خاوه‌ن زمانێكی زیندوون، هه‌ر له‌ ڕێگه‌ی زمانه‌وه‌، هه‌وڵی بڵاوكردنه‌وه‌ی كولتووری نه‌ته‌وه‌یی خۆیان ده‌ده‌ن.

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی زمان، به‌خششێكی خوداییه‌ بۆ مرۆڤایه‌تی، به‌ڵام تا ئێستا پێناسه‌یه‌كی گشتگیر و فراوان له‌لایه‌ن شاره‌زا و زمانه‌وانان سه‌باره‌ت به‌ پێناسه‌ی زمان، هه‌موو له‌سه‌ری كۆكبن ئه‌سته‌مه‌. هه‌ر له‌ كۆنه‌وه‌ زانایان به‌ گشتی، هه‌وڵیانداوه‌ وه‌سفی زمان بكه‌ن و بیناسێنن، سه‌رچاوه‌ی ئافراندن و گه‌شه‌سه‌ندنی ڕوونبكه‌نه‌وه‌، به‌ درێژایی مێژوو چاودێری قۆناغه‌ جیاوازه‌كانی گه‌شه‌سه‌ندنی زمانیان كردووه‌، له‌ ئه‌نجامدا بیروبۆچوون و تێڕوانینی جیاوازییان بۆ دروستبووه‌ سه‌باره‌ت به‌ زمان، جیاوازییه‌كان جگه‌ له‌ هه‌وڵدان بۆ تێگه‌یشتنێكی لۆژیكییانه‌ هیچیتر نه‌بووه‌، هه‌ریه‌ك له‌وانیش، كه‌ پێناسه‌ی ده‌كه‌ن پشت به‌ كۆمه‌ڵێك بنه‌ما ده‌به‌ستن، بۆیه‌ لێره‌دا ئاماژه‌ به‌ چه‌ند پێناسه‌یه‌ك ده‌كه‌ین، كه‌ زانایان بۆ زمانیان كردووه‌.
"ئیبن جنی" به‌مجۆره‌ پێناسه‌ی ده‌كات و ده‌ڵێت: سه‌باره‌ت به‌ پێناسه‌كه‌ی، كۆمه‌ڵه‌ ده‌نگێكن، كه‌ هه‌ر گه‌لێك له‌ ڕێگه‌یانه‌وه‌ مه‌به‌سته‌كانی خۆی ده‌رده‌بڕێت. (بن جني، 2000، ل15). كاتێك وه‌ك ده‌نگ وه‌سفی كردووه‌، ئه‌وه‌ی له‌ نووسین و ده‌ستنووس و نیشانه‌ و هێماكانی دیكه‌دا هه‌یه‌ لاییبردووه‌، كه‌ دژایه‌تی ده‌نگه‌كان ده‌كه‌ن هه‌روه‌ها زۆرێك له‌لایه‌نه‌ جیاكه‌ره‌وه‌كانی زمان باسده‌كات. جه‌ختی له‌سه‌ر سروشتی فۆنه‌تیكی زمان كردۆته‌وه‌، یه‌كێكه‌ له‌و پێناسه‌ وردانه‌ی بۆ زمان كراوه‌، له‌به‌رئه‌وه‌ی وه‌ك ده‌زانین وشه‌ و ده‌سته‌واژه‌كان له‌لایه‌ن زمانه‌وه‌ وه‌ك ئامێرێكی به‌رهه‌مهێنان له‌ ڕێگه‌ی ده‌نگه‌وه‌ ده‌رده‌بڕێن، به‌ڵام پێش ئه‌وه‌ی به‌ زمان ده‌ربېڕێن، له‌ زه‌ینی قسه‌كه‌ردا داده‌ڕێژرێن و به‌ پێی یاسا ده‌نگییه‌كان، له‌و كۆمه‌ڵگه‌ زمانییه‌ی تێیدا ده‌ژیت به‌ زگماكی وه‌ریگرتووه‌، پێگه‌ی كردار له‌ ئه‌ندامه‌وه‌، مه‌به‌ست لێی زمانه‌. واته‌: ئه‌و ئه‌ندامه‌ی، ده‌كه‌وێته‌ ناو ده‌مه‌وه‌ دیارترین ئه‌ندامی سیسته‌می ئاخاوتنه‌ و كۆمه‌ڵه‌یه‌كی گه‌وره‌ی ده‌نگی زمانیش

بەهۆیەوەیە بەرهەمدێت. (اشعیل، 2013، ل66). "ئیبن خەلدون" سەبارەت بە زمان دەڵێت: بریتییە لە دەربڕینی قسەکەر لە مەبەستی خۆی و ئەم دەربڕینەش کردارییە پەیوەستە بە زمانەوە، کە لە مەبەستی گەیاندنی قسەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر بۆیە دەبێت وەک توانایەکی نەگۆڕی لێبێت لە ئەندامێکدا ئەنجامیدەدات، ئەو ئەندامەش زمانە. دەربڕین لە مەبەست لەنێو هەر نەتەوەیەکدا بە پێی زاراوەی تایبەتی ئەو نەتەوەیە. (ئیبن خەلدون، 2016، ل581). "ئیبن خەلدون" جەخت لەوە دەکاتەوە، کە زمان دەربڕین، یان گوزارشتکردنی ئاخێوەرە لە مەبەستی خۆی، ئەم دەربڕینەش مرۆڤ ئەنجامیدەدات. واتە پەیوەندیی بە مرۆڤەوە هەیە، ئەم دەربڕینانەش لای هەر نەتەوەیەک زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە، هاوکات یەکێکە لە پێناسە گرنگەکان، کە پێیوایە: زمان بە واتا ئاساییەکەی دەربڕینی قسەکەرە بۆ ئەوەی کە مەبەستییەتی. "ئیدوارد ساپیر" دەڵێت: زمان هۆیەکی ناڕەمەکییە تایبەتە بە مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت، و بەهۆی جەڤنگەوە لەسەر یاسا ڕۆیشتووە و کاردەکات، لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤ دایە. (فەتاح، 2011، ل11). ئەم پێناسەیەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زمان تایبەتە بە مرۆڤ، بەکاریدێنێت بۆ دەربڕینی هەستی خۆی، لە ڕێگەی کۆمەڵێک هێماوە کە لەلایەن خودی مرۆڤەوە بەرهەمدەهێنرێن، بۆماوەیی نییە واتە: لە باوانەوە بۆی نەماوەتەوە، بەڵکو زمان فێربوونە. "فێردیناند دی سۆسێر" پێیوایە: زمان سیستەمی نیشانەکانە، ڕاستی سەرەکیی لەم نێوەندەدا سروشتی ڕێککەوتنی "مەبەست لێی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییە" لەگەڵ نیشانە زمانییەکانە. (کالەر، 2020، ل136). لێرەدا "سۆسێر" کە بە باوکی زمانەوانیی هاوچەرخ دادەنرێت، زمانی وەک سیستەمێکی هێمایی پێناسەکردووە، کە لە نێوان فۆڕم و واتادا پەیوەندی دروستدەکات، ئەویش لەسەر بنەمای ڕێککەوتن نەوەک لێکچوون. واتە: زمان سیستەمی جیاوازییەکانە، ئەو جەختی لەسەر جیاوازی نێوان زمان وەک سیستەمێکی گشتی و قسەکردن وەک بەکارهێنانی تاکەکەسیی زمان دەکاتەوە. "چۆمسکی" لە یەکێک لە پێناسەکانی بۆ زمان دەڵێت: ((کۆمەڵە ڕستەیەکە کە ڕێزمان دەریان دەکات)). (فەتاح، 2011، ل11). "چۆمسکی" زمانەوانیی بەناوبانگ، جەخت لەسەر ڕستە و واتا دەکاتەوە، هەروەها زمانی وەک توانایەکی زگماکی مرۆڤ پێناسە دەکات کە ڕێگە بە مرۆڤ دەدات ڕستەی نوێ و داهێنەرانە بەرهەم بهێنێت. لە ئەنجامی ئەو پێناسە جیاوازانەی کە خستمانەڕوو، لە بارەی زمانەوە دەتوانین بڵێین: توێژەر و زمانەوانان پێناسەی جیاواز بۆ زمان دەکەن، پێناسەی زمان و لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، لای زانا کۆنەکان لە پۆلێنکردنی دەنگ و واتای وشە و وشەسازی ڕوونکردنەوەی بەشێک لە بابەتەکانی زمانەوانی تێناپەڕێت، بەڵام لە سەدەی هەژدەیەم بە دواوە، دوای دۆزینەوەی زمانی "سانسکریتی"، کە سەرنجی زمانەوانانیی ڕاکێشا بۆ لایەنی وەسفی و بەراوردکاریی و مێژوویی لە لێکۆڵینەوە زمانییەکان، زانایانی هاوچەرخ بە ڕابەرایەتیی "سۆسێر"، تێڕوانینییان بۆ زمان و لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان گۆڕا، لە هەموو لایەنەکانی زمانییان دەکۆڵییەوە، دەنگ، وشە، ڕستە، واتا، پێکهاتە و شێواز، لەسەر بنەمای وەسفکردن بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان. لە کۆتایی ئەو بۆچوون و پێناسانە، دەتوانین بڵێین: زمان پێکدێت لە کۆمەڵێک هێما و دەنگ و ڕێسا، بیرۆکەکان دەگوازنەوە و ڕێگە بە دروستکردنی دارشتەیەکی بێکۆتایی وشە و ڕستە دەدات، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دارشتنی بیرکردنەوە و تێڕوانین و تێگەیشتنمان لە جیهانی دەوروبەرماندا، ئەگەر لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بۆی بڕوانین، وەک سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتیی و کولتووری سەیردەکرێت، کە کاریگەریی لەسەر پێگەی تاک لە کۆمەڵگەدا هەیە.

### ٢.٢. ئیستاتیکای زمانی ڕۆمان:

ئیستاتیکا زاراوەیەکی فەلسەفییە، گرنگیی بە جوانی و هونەر دەدات. ئەم زانستە هەوڵدەدات تێبگات لە چۆنیەتیی دروستبوونی هەستی جوانی لە مرۆڤدا و چۆن کاریگەریی لەسەر ژیانمان هەیە. ئیستاتیکا، یان جوانناسی، لە وشەی "Aisthetikos" گریکی وەرگیراوە، ئەوکات لە یۆنانی کۆن بە واتای هەستکردن بەرامبەر بە شتەکان بەکارهاتووە. ((زاراوەکە لە بنەڕەتدا وەک گەلێک زاراوەی تری نێو هونەر و ئەدەبیات، یۆنانییە و لە (Aesthetics) وەرگیراوە، کە هەستپێکردن و تێگەیشتن مانایەتی)). (کاکە محەمەد، 2022، ل47). واتە: دەربڕینی هەست بەرامبەر بە کۆپلە شیعرێک، مۆسیقایەک، بۆیە دەکرێت بڵێین: ئیستاتیکا وەڵامدانەوەی هەستەکانە بۆ دیاردەیەک، یان شتێک، بڕیاردانە لەسەر

جوانییەکەی و زیاتر بەندە بە چێژوەرگرتنەوە، پێوەرەکانی جوانیش دەکرێت هەندێکجار ڕێژەیی بێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت، دەکرێت هەندێکجاریش گشتگیر بێت بۆ نموونە، پارچە مۆسیقایەک بە لای کەسێکەوە خۆش و جوانە، بەڵام هەمان پارچە مۆسیقا بە لای کەسێکی تر ناخۆش و بێتامە، بەڵام هەندێکجار سەیرکردنی دیمەنێکی دڵڕفێنی خۆرئاوابوون بە لای زۆرێک لە خەڵک جوانە و چێژی لێوەردەگرن. لە ڕووی مێژووییەوە، فەیلەسووفە گەورەکانی وەک "ئەفلاتوون"، "ئەرستۆ"، "کانت" و "هیگڵ" بەشداری گرنگییان لە گەشەپێدانی تیۆرەکانی ئیستاتیکادا هەیە. "کانت" سەبارەت بە جوانی دەڵێت: ((جوانی لەناو خودی شتەکەدا نییە، بەڵکو لەو تێگەیشتنە دایە کە لای بینەر بۆ جوانی هەیە. بەمەش سیفەتێکی ڕێژەییانەی بەخشییە "جوانی")). (پیربال، 2005، ل13). جوانیناسی وەک بەشێک و لقێکی گرنگیی فەلسەفە هەژماردەکرێت، بەکارهێنانی ئیستاتیکا بە چەمکە نوێیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەم، ئەویش بۆ یەکەمجار لەلایەن بیرمەندی ئەڵمانیایی "بۆمگارتن" لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمێک بە ناونیشانی "ئیستاتیکا". سەبارەت بە ئیستاتیکا "بۆمگارتن" پێیوایە: جوانیی بریتییە لە دەرککردن لە ڕێگەی هەستەکانەوە. "بۆمگارتن" لەو تێگەیشتنەوە کە جوانی پەیوەندیی بە هەستکردنەوە هەیە، چەمکی 'ئیستێتیک'ی بۆ جوانیناسین بەکارهێناوە. (ئەسوەد، 2023، ل15). ئیستاتیکا بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بە جوانی، هونەر و چێژوەرگرتن. ئەمڕۆ، ئیستاتیکا ڕۆڵێکی گرنگ لە زۆر بواردا دەگێڕێت، لەوانە: ئەدەب، پەروەردە، ڕاگەیاندن، بازاڕگەریی و تەنانەت سیاسەتیش. ئیستاتیکای زمان بریتییە لە لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە جوانیی و هونەرییەکانی زمان. ئەم بوارە گرنگیدەدات بە چۆنیەتیی بەکارهێنانی وشە، ڕستە و دەربڕینەکان بۆ دروستکردنی کاریگەریی هونەریی و وەجۆشهێنانی هەست و نەست. ئیستاتیکای زمان تەنها پەیوەندیی بە واتای وشەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە دەنگ، بەزم و ڕەزمی زمانیشەوە هەیە. لە ئەدەبدا، ئەدیبان بەردەوام هەوڵدەدەن بۆ بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی جوان و کاریگەر، بۆ ئەوەی هەستی خوێنەر بجووڵێنن و وێنەی ئەندێشەئامێز بئافرێنن. ((گرنگترین بابەتی ئیستاتیکا مەبەستداری لۆژیکی زمان و تێکشکاندنی زمانە کە هونەری پۆست خەیاڵییە)). (محەمەد، 2021، ل37). ئیستاتیکای زمان هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە گەیاندنی پەیام، بیرەوەریی و بیرۆکەکان بەشێوەیەکی کاریگەر. کەواتە: یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی کاریگەریی زمان لەسەر هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤ. ئیستاتیکای زمان سنووردار نییە، واتا تایبەت نییە بە تاکە زمانێک، بەڵکو زۆربەی زمانەکان تێیدا هاوبەشن، لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی زمانیش بریتییە لە توانای قسەکردن، دەربڕین، دەرکەوتن، کە هەریەک لەمانەش ڕواڵەتێکی جوانکاریی و هونەریی هەیە. ((چونکە دەق بە تەنها زمان و گەمەیەکی زمانەوانیی نییە، بەڵکو بونیادێکی "زمانەوانی- ئیستاتیکی"یە، کە زۆربەی ڕەهەندەکانی لە دووتوێی زمانەکەیدا خۆیان حەشارداوە، هەر ئەم حەشاردان و ڤەشارتنەیە کە زمانێکی ئیستاتیکی خوڵقاندووە)). (ڕەشید، 2007، ل8-9). ئەمەش دەمانگەیەنێتە توانای زمان بۆ گەشەکردن و پێکەوەژیان. فراوانی زمان لە دەربڕیندا دەرکەوتنێکی جوانکارییە، وامان لێدەکات سەرسام ببین بە توانای زمان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ بە هەموو وردەکارییەکانەوە. ئیستاتیکای زمان، هەروەک چۆن تایبەت نییە بە تاکە زمانێک، ئاواش تەنها تایبەت نییە بە ئەدەب و ئەدەبییاتەوە، بەڵکو لە هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەدا دەردەکەوێت. لە ڕاگەیاندنەوە بگرە تا گفتوگۆی ڕۆژانە، شێوازی بەکارهێنانی زمان، کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی وەرگرتن و کاردانەوەی بەرامبەر هەیە.

ئیستاتیکای زمانی ڕۆمان بریتییە لە هونەری بەکارهێنانی زمان بۆ ئافراندنی جیهانێکی ئەدەبی پڕ لە وێنە و هەست. لە ڕۆماندا، ڕۆماننووس هەوڵدەدات زمانێکی دەوڵەمەند و وردەکاریی بەکاربهێنێت بۆ ئافراندنی کارەکتەر و ژینگەی زیندوو. ڕستە درێژەکان دەتوانن وەسفی وردی شوێن و کات بکەن، لەکاتێکدا دیالۆگی کورت و چڕ دەتوانێت کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی سروشتی پیشانبدات. زمان، ئامرازێکی سەرەکیی پێکهێنەری دەقە، وەک بازنەیەک وایە، کە دەتوانێت هەموو ڕەگەز و تەکنیکەکان بۆ ناو خودی ئەو بازنەیە کێشبکات، هەر بەهۆی زمانیشەوە ڕۆماننووس دەتوانێت هەموو ڕەگەز و تەکنیک و بابەتەکان وەک ئەڵقەکانی زنجیرەیەک بەیەکتر ببەستێتەوە و گوزارشتیان لێبکات. (قادر، 2008، ل48). هەروەها ڕۆماننووس دەتوانێت لە ڕێگەی زمانەوە بەزم و ڕەزمی تایبەت بە دەقەکە بسازێنێت، کە یارمەتیی خوێنەر دەدات هەست بە کەشوهەوای ڕۆمانەکە بکات. بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی نوێ و داهێنەرانە، یان تێکەڵکردنی

زاراوە جیاوازەکان، دەتوانێت ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی ئیستاتیکایەکی تایبەت بە ڕۆمانەکە. ئیستاتیکای زمانی ڕۆمان هەوڵدەدات پردێک لە نێوان خەیاڵی ڕۆماننووس و تێگەیشتن و بیرکردنەوەی خوێنەردا سازبکات.

ئیستاتیکای زمانی ڕۆمان تەنها پەیوەندیی بە جوانی و ڕازاندنەوەی دەق نییە، بەڵکو پەیوەستە بە کاریگەریی و توانای گواستنەوەی بیرۆکە و هەستەکانیشەوە. ڕۆماننووسان هەندێکجار لە تەکنیکی وەک خوازە، جەڤەنگ و وێنەی ئەدەبیی کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی واتا قووڵەکان بەشێوەیەکی هونەریی دەرببڕن. بنەماکانی یەکەمی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە زمانی بەرهەمە هونەرییەکان، بە بڕوای ئێمە، سنووردارە بە هۆشیارییەکی قووڵ لە پەیوەندیی نێوان زمان و بیرۆکە و لە تێگەیشتن لە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی ژیانی ئەدیب و تێڕوانینی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە. (تشیتشرین، 1964، ل25). هەروەها، گۆڕینی شێوازی زمان لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر دەتوانێت یارمەتیی ڕۆماننووس بدات کە گۆڕانکارییەکانی کات، شوێن، یان دۆخی دەروونی کارەکتەرەکان پیشانبدات. لە ڕۆمانی هاوچەرخدا، هەندێکجار دەبینین ڕۆماننووسان یاریی بە پێکهاتەی زمان دەکەن، وەک لادانی ڕێزمانی، یان بەکارهێنانی شێوە و شێوازی نوێی نووسین، بۆ ئەوەی ئەزموونێکی نوێ بە خوێنەر ببەخشن. ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی ئیستاتیکایەکی تایبەت کە پەیوەندیی بە ناوەڕۆک و بابەت و بیرۆکەی ڕۆمانەکەوە هەبێت.

### ٣.٢. ئیستاتیکای ناونیشان:

ئیستاتیکای ناونیشانی ڕۆمان، بریتییە لە هونەری داڕشتنی ناونیشانێک، کە سەرنجڕاکێش، کاریگەر و پڕ واتا بێت. گرنگیی دەدات بە چۆنیەتیی بەکارهێنانی وشە، دەستەواژە، یان ڕستەیەک بتوانێت کورتەیەکی سەرنجڕاکێش لە ناوەڕۆک، گرێچن و کەشی گشتی ڕۆمانەکە پێشکەش بکات. ئیستاتیکانی ناونیشان دەتوانێت خوێنەر ڕابکێشێت، پرسیاری لا دروستبکات و هەستی بورووژێنێت. دەبێت لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا هاوئاهەنگ بێت و بەشێوەیەکی هونەریی و داهێنەرانە گوزارشت لە چیرۆک، یان پەیامی سەرەکی ڕۆمانەکە بکات. هەروەها گرنگیی بە لایەنی دەنگ و ڕیتمی وشەکان دەدات بە جۆرێک ئاسان بێت بۆ گوتن و لەبیر نەچێتەوە. شیعرییەتی ناونیشان وەک ڕەهەندێکی ئیستاتیکای ناونیشان ڕۆڵێکی سەرەکیی و بنەڕەتیی دەگێڕێت لە دروستکردنی کاریگەریی و ئیستاتیکای ناونیشان. پەیوەندیی نێوان ئیستاتیکا و شیعرییەت لە ڕۆماندا پەیوەندییەکی ئاڵۆز و چەند ڕەهەندییە، کە ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرجەستەکردنی ئەزموونی خوێندنەوەی قووڵ و کاریگەردا دەگێڕێت. ئیستاتیکا، کە پەیوەندیی بە جوانیناسی و هونەرییبوونی دەقەوە هەیە لە ڕۆماندا، لە ڕێگەی زمان، پێکهاتە و تەکنیکە ئەدەبییەکانەوە دەردەکەوێت. شیعرییەت، لە لایەکیترەوە ئاماژە بەو تایبەتمەندییانە دەکات، کە دەق دەکەن بە بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەریی لە ڕۆماندا. ((بۆیە کەم تا زۆر ئیستاتیکا و شیعرییەت پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، ئەوەندە هەیە دەوروبەری دەق لە چوارچێوەیەکی ئەدەبی یان هەر هونەرێکی دیکە بێ، بە هاوسێتی لەگەڵ ئیستاتیکادا، کاردەکاتە سەر بەرزی و نزمی پلەی شیعرییەت)). (خۆشناو، 2010، ل23). ئەم دوو چەمکە پێکەوە کاردەکەن بۆ ئافراندنی دەقێک، کە نەک تەنها چیرۆک دەگێڕێتەوە، بەڵکو ئەزموونێکی هەستیار و هزریی بۆ خوێنەر دەئافرێنێت. بۆ نموونە: ڕۆماننووس دەتوانێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانی شیعریی، وێنەی ئەندێشەئامێز و ڕەزمی تایبەت لە پرۆسەی گێڕانەوەدا، لایەنی ئیستاتیکی ڕۆمانەکە بەهێز بکات و لە هەمان کاتدا شیعرییەتی دەقەکە بەرز بکاتەوە. پەیوەندیی نێوان ئیستاتیکا و شیعرییەت لە ڕۆماندا دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی چینێکی قووڵتر لە واتا و کاریگەریی، کاتێک ڕۆماننووس گرنیگی بە لایەنی ئیستاتیکی دەدات و شیعرییەت بەکاردەهێنێت، ڕۆمانەکە لە سنووری گێڕانەوەی سادەی چیرۆک دەردەچێت و دەبێتە بەرهەمێکی هونەریی، کە چەندین خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت. ئیستاتیکا بە گشتی پەیوەندی بە جوانی و هونەرەوە هەیە، لە کاتێکدا شیعرییەت تایبەتە بە جوانی و هونەریی زمان و دەربڕین. شیعرییەت ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بەرجەستەکردنی کاریگەریی ئیستاتیکی لە دەقە ئەدەبییەکان.

شیعرییەتی زمانی ڕۆمان، لە ئێستادا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت بەشێکی زۆری ڕۆماننووسانی کورد پەنای بۆ دەبەن، لەنێو بەرهەمەکانییاندا ڕەنگدەداتەوە، هەم لە ناونیشان و هەم لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکانیاندا، کە ئەمەش لایەنێکی ئیستاتیکیی بە دەقەکان دەبەخشێت. هەشیانە یەکسەر بە نۆڤلێتنووسین دەسیانپێکردووە، وەک: جەبار جەمال غەریب،

ئیسماعیل ڕۆژبەیانی، عەزیزی مەلای ڕەش، محمد ساڵح سەعید، بەڵام هەموو ئەمانە لە دەقە بەرهەمهێنراوەکانیاندا زمانی شیعرییان بەکاربردووە، ئەویش نەک هەر لەسەر ئاستی خوازە و لێکچوواندن و خواستندا، بگرە لە زۆربەی وردەکارییە شیعرییەکاندا، ئەمەشە مرۆڤ دەتوانێت پێیبڵێت: بەکارهێنانی شیعر وەکو تەکنیک، بە نیازی بارکردنی دەقەکان لەسەر هەر سێ ئاستی وشە، ڕستە، وێنەدا. (ڕۆژبەیانی، 2011، ل6-7). شیعرییەتی ناونیشانی ڕۆمان، بریتییە لە هونەری داڕشتن و دەربڕینی ناونیشان بەشێوەیەکی هونەریی و کاریگەر، کە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و پەیامێکی قووڵ بگەیەنێت. بە یەکێک لە خاسییەتە گرنگەکانی شیعرییەتی ڕۆمانی هاوچەرخ دادەنرێت. بەشێک لە ڕەخنەگران بە کورتکراوەی دەقی دادەنێن، گرنگییەکەشی لەوە دایە وەکو دەروازەیەک یارمەتیی چوونە ژوورەوەی خوێنەر دەدات بۆ ناو دەق، هەر بۆیە دەکرێت ڕەهەندێکی داهێنەرانەی هەبێت و شیعرییەتی تێیدا ڕەنگبداتەوە. (مەنتک، 2015، ل225). شیعرییەتی ناونیشان بەشێکی گرنگ و جیانەکراوەیە لە شیعرییەتی زمانی ڕۆمان. ناونیشان وەک یەکەم دەروازەی دەقە، کە خوێنەر پێیدا تێپەڕ دەبێت و دەچێتە ناو جیهانی ڕۆمانەکە. ناونیشان، تەنها پاساوێک نییە بۆ ناساندنی دەقی ڕۆمانەکە، بەڵکو دەروازەیەکە بۆ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە و هەڵگری چەندین واتا و ئاماژەی شاراوەیە. ((بۆیە پێموایە ناونیشان لەو ڕەگەزە گرنگانەی تێکستە، کە جوانی زیاتر دەبەخشن بە دەق و تاوەکو سورەیای لێدێت. واتە ناونیشان نەک دەبێت کلیل بێت بۆ چوونە نێو دەق، بەڵکو دەبێت خاوەنی ئەو هێزی نوێبوون و پەیوەستکردنی خوێنەری هەبێت بە تێکستەکەوە، ئەگەر ناونیشانێک خاوەنی ئەوە نەبێت، بەشێک لە جوانی دەق ون دەبێت)). (سدیق، 2009، ل24). شیعرییەتی ناونیشان لەوەدا دەردەکەوێت، کە دەتوانێت کورتکراوەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بێت بەشێوەیەکی هونەریی، هەندێکجار لە ڕێگەی خوازە و هێماوە دەردەبڕدرێت، کە ئەمەش کرۆکی بابەتەکەیە، ڕۆماننووس لە ڕێگەی هەڵبژاردنی چەند وشەیەکی جوان، هەوڵدەدات سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و هەستی بوروژێنێت، چونکە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ تەواوی دەقی ڕۆمانەکەدا (("لیۆ هۆک Loe Hock" یەکێکە لە دامەزرێنەرانی زانستی ناونیشان دەڵێت: ناونیشان کۆمەڵێ نیشانەی زمانییە دەبێ لە سەرووی دەقەوە هەبێ، دەلالەتە لە پێکهاتەی گشتی دەق. واتە ناونیشان دەتوانێ برێک زانیاریمان لەبارەی دەقەوە پێ بڵێت)). (مەنتک، 2015، ل225). هەروەها دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ کارەکتەرێک، شوێنێک، یان بیرۆکەیەکی سەرەکیی لە ڕۆمانەکەدا، ئەمە جگە لە شیعرییەتی ناونیشانە لاوەکییەکانی تر کە لەناو ڕۆمانەکەدا هەن، لەوێش ڕۆماننووس لە ڕێگەی کۆمەڵێک وشە، سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت. شیعرییەتی ناونیشان گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر و بەرهەمهێنانی پەیوەندیی نێوان ناونیشان و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە. ڕۆماننووسان هەوڵدەدەن لە ڕێگەی ناونیشانەوە ڕازێک، یان نهێنییەک بۆ خوێنەر جێبهێڵن کە لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا واتاکەی ڕوون دەبێتەوە. کەواتە: شیعرییەتی ناونیشانی ڕۆمان، ئەو هونەرەیە، کە ڕۆماننووس بەکاریدەهێنێت بۆ داڕشتنی ناونیشانێک، کە هەم جوان و سەرنجراکێش بێت، هەم پەیامی قووڵی ڕۆمانەکەش بگەیەنێت، هەروەها خوێنەر هانبدات بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە. ناونیشانی ڕۆمانی "بنووسە خوێن"ی "جەبار جەمال غەریب" لەو ناونیشانانەن کە شیعرییەتی ناونیشانییان تێدا تەواو بەرجەستەیە، تەنانەت لایەنی جوانیناسیی و شیعرییەتییان لێدەتکێت.

### ٤.٢. شیعرییەتی ناونیشان لە ڕۆمانی "بنووسە خوێن"دا:

ناونیشانی ڕۆمانی "بنووسە خوێن" ناونیشانێکی شیعریی هەیە، لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم وشەی "بنووسە" کارە بە شێوازی فەرماندان، ئەویش بە زیادکردنی پێشگری "ب" بۆ ڕەگی کار، کە "نووس"ە، لەگەڵ نیشانەی "ە"ی فەرماندان بۆ کەسی دووەمی تاک، جۆری فەرماندانەکە بەهێزە و قسەکەر داوا لە کەسی دووەم، واتا گوێگر دەکات، لە دۆخی ئەرێی دایە. ((واتای گشتی ڕێژەی داخوازی، فەرمان و داوا و تکا و ورپاکردنەوەیە بۆ بەجێ هێنانی کارێک لەلایەن کەسێکەوە (تاک)، یان چەند کەسێکەوە (کۆ). لە ڕووی کاتەوە تەنیا ئێستا و ئایندەی هەیە و ڕابردووی نـی یە. لە ڕووی کەسەوە تەنیا فۆرمی کەسی دووەمی تاک و کۆی هەیە و کەسی یەکەم و سێیەمی نـی یە)). (مارف، 2000، ل238). مەبەستی سەرەکیی داواکردن، یان فەرمانکردنە بۆ ئەنجامدانی کارێک، کە نووسینە، بەڵام بە واتا قووڵ و خوازەییەکەی ئاماژەیە بۆ نووسینی شتێکی گرنگ، هەستیار، یان پڕ لە هەست. بەشی دووەم، کە وشەی "خوێن"ە ناوێکی سادەیە لێرەدا وەکو بەرکارێکی ڕاستەوخۆ بەکارهاتووە، وەک هێمایەک بۆ ژیان، هێز، قوربانیدان، یان هەستی

بەهێز بەکاردێت. کەواتە: پێکهاتەی گشتی "بنووسە خوێن" ڕستەیەکی فەرماندانە لە کار و بەرکار پێکهاتووە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان هەردوو وشەکە پیشاندەدات.

ناونیشانی "بنووسە خوێن" لە ڕووی ڕێزمانییەوە فەرماندانێکی ڕاستەوخۆیە، کە داوا لە کەسێک دەکات وشەی "خوێن" بنووسێت، لە واتای سەرەتاییدا، ئەمە وەک ڕاهێنانێکی سادەی نووسین، یان خوێندنەوە سەیردەکرێت، بەڵام لە زۆربەی بارەکاندا، ئەم ناونیشانە واتایەکی قووڵ و خوازەیی تری هەیە. کەواتە: "بنووسە خوێن" وەک داواکارییەک بۆ نووسینی شتێکی زۆر گرنگ، هەستیار، یان پڕ لە هەست و سۆز لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. لە ڕوانگەیەکی فراوانترەوە، "بنووسە خوێن" هاندانێکە بۆ گوزارشکردن لە ئەزموونی قووڵ، ئازار، یان ڕاستییە تاڵەکانی ژیان. ئەم ناونیشانە لەوانەیە لە دەقە ئەدەبی و هونەرییەکاندا بەکاردێت، بۆ هاندانی ئەدیب، یان هونەرمەند، کە بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە و پڕ هەست بنووسێت، ڕژد و بوێرانە داهێنان بکات، وەک ئەوەی بە خوێنی خۆی دەنووسێت. هەروەها ئاماژەیەکە بۆ تۆمارکردنی مێژوو، بە تایبەت ئەو بەشانەی کە پڕن لە ئازار و قوربانیدان. ((- بۆم مەگری دایە من شەهیدم، نەمتوانی کۆڵێک لە جێی تۆ هەڵگرم بابە گیان، ئێوە نووری دیدەی منن هەر چوار کوڕپەکەم سەیوان و سەردار و سارا و شەنگ. - ناوت لەسەر دڵم هەڵکەندراوە، بۆ کەسی نادرکێنم سین گیان. -من بەیانی لە سێدارە دەدرێم پەخشان، بەڵێنمان ئەو دنیایە 12/3. - کوڕە تاقانەکەم هەمیشە لە پەناتم 7/18. - ئازاری من ئیعدامکردن نییە، فرمێسکەکانی دایکمە. من و بابم بەیانی لە سێدارە دەدرێین، دەترسم بابم نەگاتە بەیانی زۆر نەخۆشە، ئازادی خدری دەڵاڵ 4/4)). (بنووسە خوێن، 2021، ل272). یان وەک بانگەوازێک بۆ دەربڕینی ڕاستییەکان تەنانەت ئەگەر ئازاربەخش و ناخۆشبن لێکدەدرێتەوە، لە چوارچێوەیەکی سیاسیی، یان کۆمەڵایەتییدا، ئەم ناونیشانە هاندانێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بێدادیی و ستەم، یان بەرگریکردن لە مافەکان لە ڕێگەی قەڵەمەوە.

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی قووڵترەوە بۆی بڕوانین "بنووسە خوێن" ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەکی خۆناسین و ڕووبەڕووبوونەوەی لایەنە تاریکەکانی دەروونی مرۆڤ لەگەڵ ڕاستییە قووڵەکانی ژیان و بوون هەروەها ڕوانینە بە وردی لە ناخ و جیهانی دەوروبەر و ئەو بەشانەی هەندێکجار پشتگوێدەخرێن، یان دەشاردرێنەوە، دەربخرێن و لێیان تێبگەین. "بنوسە خۆین" لێرەدا دەبێتە هێمایەک بۆ پرۆسەی خۆپاڵاوتن و گەشەکردنی کەسیی و کۆمەڵایەتیی، کە تێیدا تاکو کۆمەڵگە ڕووبەڕووی ترس، ئازار و کێشەکەکانیان دەبنەوە بۆ ئەوەی بتوانن بە سەریاندا زاڵ بن و پێشبکەون هەروەها بانگەوازێکە بۆ دۆزینەوەی واتا و مەبەستی قووڵ لە ژیاندا لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو بەشانەی ژیانمان کە هەندێکجار لێیان دەترسێین، یان هەوڵی پشتگوێخستنیان دەدەین. لەم ڕوانگەیەوە دەبێتە بانگەوازێک بۆ ژیانێکی پڕ واتا و هۆشیارانە، کە تێیدا هەر تاکێک هەوڵدەدات بە قووڵی لە خۆی و جیهانی دەوروبەری تێبگات و بەرپرسیارێتیی بۆ گۆڕانکاریی و پێشکەوتن لە ئەستۆبگرێت. ((خەڵکی کەوتبوونە ناو ئازادییەکی بێسنوورەوە، ئازادییەک کە نەیاندەزانی چی لێبکەن. نەگبەتی میللەتی ژێر دەستە لەوەدایە، نازانێ ئازادی چی لێبکات، وەک ژەهر و تیخ وابوو بە دەست شێتەوە. نەیاندەزانی ڕزگاری لە کوێ دانێن، هەر ئەوەندەی دەسەڵاتیان لە ناوبرد، خەڵکی وەکو تۆپەڵێک، لە تورەیی و لافاو و هێرشیان بۆ هەموو شوێنێک برد، وەک گێژەڵووکە دەرگا و دیواریان بە هەناسە سەعاتە ڕێیەک پێش خۆیان هەڵدەقەند)). (بنووسە خوێن، 2021، ل383). هەروەها هاندانێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەم و ستەمکاریی لە کۆمەڵگەدا، کە ڕۆماننووس لە ڕێگەی ئەم ناونیشانەوە کۆمەڵێک چیرۆکمان بۆ دەنووسێتەوە و دەگێڕێتەوە، کە لێوانلێوە لە خوێن و ئەتککردنی مرۆڤەکان.

کەواتە: لەم ناونیشـــانە خوێنەر هەندێک زانیاریی دەســـتدەکەوێت، دەزانێت ئەم ڕۆمانە لەبارەی کۆمەڵێک مرۆڤە، لە کۆمەڵگە بێزراون و ڕووبەڕووی ترس، ئازار، ناخۆشی، قوربانیدان و پشتگوێخستن دەبنەوە. خەڵکانێکن لەژێر سێبەری سـیسـتەمێکی سـتەمکار و کۆمەڵێک کۆت و بەندی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی دەناڵێنن، لە هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی بێدادیی و نادادپەروەرەیی کۆمەڵگە و دەسـەڵاتن. ((شـیرین توند، بەهێزی مریشـکێک سـەگ پەلاماری جووجەڵەکانی دابێت، بەهێزی گامێشـــێک گورگ پاڵاخەکەی فڕاندبێ، لەو بەرزییەوە نێزەکەی داهێنایەوە، بە گوڕ هێنایە خوارێ، شـەکیب چاوی لەگەڵ دەسوڕاند، ڕاست بۆ سـەر سـینگیدا داهێنایەوە)). (بنووسـە خوێن، 2021، ل484). لە ڕێگەی

دەنگ بەرزکردنەوە لەبارەی ئەو بابەتانەی پێویستییان بە گۆڕانکاریی و چاکسازیی هەیە. ((شیرین نێزەکەی لە سنگیدا گێڕاو توند بەرەو سەری ڕاکێشا و تا قوڕگی شەقکرد، وەک جەنگاوەری مەیدانی شەڕ نەڕاندی: – من ئەو سیمرغەم، ئێلۆکەم دەبەمەوە سەر زەوی)). (بنووسە خوێن، 2021، ل485). "بنووسە خوێن" بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ داواکردنی دەربڕینێکی ڕاستگۆیانە، قووڵ و پڕ هەستی ئەزموونە مرۆییەکان. ئەم ناونیشانە هانی ئەدیب، یان هونەرمەندان دەدات، کە لە قووڵایی ناخییانەوە بنووسن و داهێنان بکەن، بەشێوەیەک، کە هەموو هەست و ئەزموونەکان، چ خۆش، چ ناخۆش، لە بەرهەمەکانییاندا ڕەنگبداتەوە، لێرەدا "خوێن" وەک هێمایەک بۆ ژیان، هەست و ئەو بەهایە بەکاردێت، کە مرۆڤ بۆ ئەزموونەکانی دەیبەخشێت. ڕۆماننووس لە ڕێگەی ئەم جۆرە دەربڕینە، وێنای ئەشکەنجە و ترس وتۆقاندن و کوشتن و بڕین دەکات هەروەها بانگەوازێکە بۆ شکاندنی سنوورە کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکان، لە هونەر و ئەدەبدا بە مەبەستی گەیشتن بە دەربڕینێکی ڕاستەقینە و کاریگەرتر.

## ٣. ئیستاتیکای زمان لە ڕۆمانی "بنووسە خوێن"ی "جەبار جەمال غەریب"دا:

### ١.٣. ڕۆڵی زمان لە بنیاتی ڕووداو:

مرۆڤ لەوکاتەی دێتە دونیاوە و بە درێژایی ژیانی تا ئەو کاتەی دەمرێت، لەگەڵ کۆمەڵێک ڕووداو دەژییت و ڕووبەڕوودەبێتەوە، کە هەر ڕووداوێک تایبەتە بە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانی. واتە تەواوی ژیانی بەندە بە کۆمەڵێک ڕووداوەوە کە ڕەنگە بە نەبوونی ئەم ڕووداوانە ژیانی ئەم مرۆڤە هیچ بەها و نرخێکی نەبێت، گرنگیی ڕووداویش لەوەوە دەردەکەوێت کە ڕۆماننووس لەگەڵ توخمەکانی تر بیانگونجێنێت تێکەڵی یەکتریان بکات، بۆ ئەوەی دەقێکی سەرکەوتوو بەرهەمبهێنێت. ڕووداو یەکێکە لە توخمە دیارەکانی ڕۆمان، بە بڕبڕەی پشتی هەموو توخمە هونەرییەکانی ڕۆمان کات، شوێن، کارەکتەر و زمان دادەنرێت. (یوسف، 2015، ل37). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕووداو پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ توخمەکانی تری ڕۆماندا هەیە وەکو کارەکتەر، کات و شوێن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو سەبارەت بە ڕووداو، "ئەرستۆ" لە کتێبی "هونەری شیعری"یدا سەبارەت بە ڕووداو ئاماژەی بەوە کردووە، کە پێویستە هەموو ڕووداوێک سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت، بەم پێیە یەکێتیی ڕووداو دروستدەبێت. واتە هەموو ڕووداوێک خاڵی دەستپێکی هەیە و دواتر بەرەو ناوەڕاست گەشەدەکات و دواتر بە ئەنجام کۆتایی دێت. ((پێویستە ئەوانەی چیرۆک دەنووسن، دەستپێک و کۆتایی لە خاڵێکدا بە یەکدی بگەیەن، بۆیە پێویستە "دەستپێک و ناوەند و کۆتایی"ی گونجاو بن لەگەڵ یەکدی)). (ئەرستۆ، 2019، ل49)؛ بۆیە ڕووداوەکانی داستان دواتر چیرۆک و ڕۆمان لە سەرەتاوە بەمشێوەیە بوون، هەموو ئەدیب و ڕۆمانووسەکانی سەرەتا وەکو یاسایەک ڕووداوەکانیان بەمشێوەیە بەرەو پێشبردووە، خاڵی دەستپێک، ئینجا ناوەند، یان ناوەڕاست دواتر کۆتایی، ئەمشێوازە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بەردەوامبوو، دواتر لەگەڵ دەرکەوتنی تەکنیکە نوێکانی ڕۆمان لە سەدەی بیستەم وەکو "شەپۆڵی هۆش"، "فلاشباک" و "فرەدەنگی" زنجیرەی ڕووداوەکانیش گۆڕان، بە پچڕپچڕی و بەشێوەی هەڵگەڕاوە. واتە: پاشوپێشکردنی دەستپێک و ناوەڕاست و کۆتایی داڕێژراون و ئاڕاستەکراون، بێگومان ئەمەش لەپێناو چێژبەخشینی زیاتر بە خوێنەر. گرنگیی ڕووداو پەیوەستە بە توانستی ڕۆماننووس، کە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و جۆرە هاوسەنگییەک لە نێوان ئەو و لە نێوان توخمەکانی تردا دەسازێنێت، لەبەرئەوەی پەیوەندیی نێوان ئەو توخمانە بە جۆرێکە هیچییان بێ ئەوەی تر و بە تەنیا ناتوانێت ئەم بنیاتە واتە ئەم دەقە بئافرێنێت. ڕووداو ((یەکێکە لەو ڕەگەزانەی لە پاڵ (کەسێتی، کات، شوێن)دا ڕەگەزە هونەرییەکانی ڕۆمان پێک دەهێنن و هەریەکەیان بە ڕێژەیەک و بە پێی پێویستی بەشداری لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا دەکەن)). (محەمەد، 2009، ل13). کەواتە: ڕووداو پەیوەندییەکی پتەوی بە توخمەکانی ترەوە هەیە، بۆ نموونە بە شوێن، هەموو ڕووداوێک لە شوێنێکی دیاریکراودا ڕوودەدات، کات، هەموو ڕووداوێکیش لە کاتێکی دیاریکراودا ڕوودەدات، کارەکتەر، زۆربەی ڕووداوەکانیش لە ڕێگەی کارەکتەرێکەوە ئەنجامدەدرێت، بەگشتی سەرچاوەی ڕووداوەکان لە ڕۆماندا دەکرێت، ڕۆماننووس لە کەتوارەوە، لە ڕووداوی مێژوویی، لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆریی، یان لە خەیاڵەوە بیانئافرێنێت.

زمان ئامرازێکی بەهێزە، کە دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆر لەسەر هەست و سۆزدا بکات، بەهەمان شێوە دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆریش لەسەر ڕووداوەکانی ناو ڕۆماندا بکات، ئەویش بە هەڵبژاردنی ئەو ڕستە و دەستەواژە و وشانەی

کە دەتوانن ڕووداو و بیرۆکە و کەشوهەوای چیرۆکەکە بگەیەنن، وەک بەکارهێنانی زمانێکی وەسفی کە دەتوانێت هەستێکی جوان و بەهێز لە خوێنەردا بوروژێنێت. ((نووسەر زیاتر لە خەمی پەیامی دەق دایە، ئەمەش وا دەکات خوێنەر بە ئاسانی لە وشە و ڕستە و دەستەواژەکان بگات، بە جۆرێک لە ڕووی بنیاتی زمانەوە هەڵگری واتا و دەلالەتی فرە ڕەهەند نابێت و زیاتر لە لێکدانەوەیەک هەڵناگرێ)). (مەجید، 2021، ل116). لەهەمانکاتدا بەکارهێنانی زمانێکی فەرمی و ئاڵۆزتر ڕەنگە بتوانێت هەستێکی وردبینی، یان زیرەکی بگەیەنێت. ((ڕۆماننووس پەنا بۆ ڕستەی نارێزمانی و وێنە و هێما دەبات، بەمەش قورسایی و لێکدانەوەی واتاکان دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەر)). (مەجید، 2021، ل114). دەتوانرێت زمان بەکاربهێنرێت بۆ پێشبینیکردنی ڕووداوەکان، یان هێنانەکایەوەی گرژی و ئاڵۆزی، هەروەها هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژە و ڕستەکان، دەتوانن ئاماژە بە ڕووداوەکانی داهاتوو بکەن، بەمەش زۆرجار هەستێکی نائارامی و ناخۆش لای خوێنەر دەسازێنێت. کەواتە: زمان ڕەگەزێکی گرنگە بۆ داڕشتنی ئەو هەست و ڕووداوانەی لە ڕۆماندا ڕوودەدەن.

### ٢.٣. زمان و چۆنییەتیی گێڕانەوەی ڕووداوەکان:

لە ڕۆماندا، مەزراندنی وێنە و ڕووداوی کەتواریی و فانتازیی بەشێوازێکی هونەریی و زمانێکی ئیستاتیکی لە دەقدا، خاڵێکی هەرە گرنگە، کە ڕۆماننووس هەوڵدەدات لە ڕۆمانەکەیدا بەرجەستەی بکات. "جەبار جەمال غەریب" یەکێک لەو ڕۆماننووسانەیە کە لە کۆی بەرهەمەکانی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا زمانی ئاخاوتن و ڕۆژانەی خەڵکی بەکاردێنێت، لەپاڵ ئەمەشدا لە زۆر شوێنی بەرهەمەکانی ئەو سنوورەی تێکشکاندووە، زمانی تایبەت بە دەق بەرهەم دێنێت، بەمشێوەیە فرەڕەهەندی دەق و بوونی واتا و مەبەستی دیکە، لەودیو واتا و مەبەستە ئاشکراکانی دەقەوە، کەوا لە خوێنەر دەکات لە هەندێک شوێنی بەرهەمەکانی بە دوای ئاشکراکردنی ئەو واتا و مەبەستە نادیارانەوە بێت، کە لە پشت واتا و مەبەستە ئاشکراکانن. ئەگەر زمانی ئاخاوتن زیاتر ئامانجی حاڵیکردن و تێگەیاندنی بەرامبەر بێت و کەمتر مەبەستی شاردنەوەی واتا بێت، ئەوا زمانی دەق زیاتر لە گوزارشتکردن و دەربڕینی واتادا بەرجەستە دەبێت. (میراودەلی، 2008، ل35). ڕۆمانی "بنووسە خوێن" ڕۆمانێکە بە قەبارە گەورە و فراوانە، باس لە کۆمەڵێک ڕووداوی کەتواری کۆمەڵگەی کوردی دەکات، لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو دەستپێدەکات، تاکو دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری "1991". واتە: باس لە دوو دەیەی سەدەی ڕابردوو دەکات، بێگومان مەزراندنی ئەو ڕووداوانەش وێناکردنی کەتواری ئەو سەردەمانەیە بە زمانێکی ئیستاتیکی و شێوازێکی هونەریی لە چوارچێوەی دەقێکی ڕۆمان لە ئێستادا. ئێمە لە سەرەتای ئەم بەشە لە باسی ڕووداودا ئاماژەمان بەوە کرد، کە ڕۆماننووس سەرچاوەی ڕووداوەکانی لە کەتوار، مێژوو، فۆلکلۆر و ئەندێشەی خۆی وەردەگرێت، سەرەتا بە ڕووداوی کەتواری دەستپێدەکەین، لە یەکەمین ڕووداویشدا کارەکتەری سەرەکیی "شەکیب"، هەڵدەستێت بە گوللەبارانکردنی هەر سێ منداڵەکەی، کە ڕۆمانەکە سەرەتا بەم ڕووداوە دەستپێدەکات، ڕۆماننووس دیمەنی دوای گوللەبارانەکە بەمشێوەیە دەردەبڕێت: ((خوێنی سێ کەس تابلۆیەکی سەرەنجڕاکێشی لەسەر دیوارەکە نەخشاند بوو، لەو گەڕەکە زیناکار و گومڕایەدا، هەر هیچ دیوارێکی ڕەنگاوڕەنگ، شەقامێک، جلوبەرگێکی ناسک، هیچ هەر هیچ شتێکی سووریان نەبوو، جگە لە تابلۆی خوێنینی سەر دیوارە قوڕەکەی شەکیبە کوێر)). (بنووسە خوێن، 2021، ل1). ئەم پەڕەگرافە بەشێوەیەکی گشتی وێنەیەکی ڕەشبینانە و ڕەخنەگرانەیە لە دۆخی کۆمەڵایەتیی و ڕەوشی کۆمەڵگەیەک، تێیدا توندوتیژیی و نادادپەروەریی باڵادەستە، کە چەندین مەدلوول و واتای قووڵ لەخۆدەگرێت: وەکو توندوتیژیی و تاوان، "خوێنی سێ کەس" ئاماژەیە بۆ کردەوەیەکی توندوتیژیی، وەکو کوشتن، یان تاوانێکی گەورە. کۆمەڵگەی داڕماو، گەڕەکی "زیناکار و گومڕا" ئاماژەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی لاڕێ و دوور لە بەها ڕەوشتییەکان. بێ ڕەنگی و بێ گیانی، نەبوونی ڕەنگی سوور لە هیچ شوێنێکی تر جگە لە خوێنەکە، ئاماژەیە بۆ ژیانێکی بێ گیان و بێ هەست و نەبوونی خۆشیی و ئومێد لە کۆمەڵگە لەو سەردەمەدا. هەژاری، دیوارە قوڕەکە ئاماژەی هەژاریی و دواکەوتوویی باری ئابوورییە. کوێری کۆمەڵایەتی، ناوی "شەکیبە کوێر" ئاماژەیە بۆ کوێری کۆمەڵایەتیی و نەبینینی کێشەکان. جیاوازیی دەرکەوتن، خوێنەکە وەک تەنها شتی جیاواز و سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ چۆنییەتیی دەرکەوتنی توندوتیژیی لە کۆمەڵگەدا. قوربانیبوون، ئەو سێ کارەکتەرە وەک نوێنەری قوربانییانی کۆمەڵگە دەردەکەون لەو سەردەمەدا. هونەر و کەتوار، وەسفکردنی خوێنەکە وەک "تابلۆ" ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی نێوان

هونەر و کەتواری تاڵ و نالەبار. بێدەنگی و پشتگوێخستن، نەبوونی کاردانەوە بەرامبەر بەم ڕووداوە نیشانەی بێدەنگبوون و پشتگوێخستنی کۆمەڵگەیە. هێمای ژیان لەناو مەرگدا، خوێن کە هێمای ژیانە، لێرە بۆتە نیشانەی مەرگ و توندوتیژیی. ((لە پەنا دیواری گەرماوەکەیان سامخان کەوتبوو، بێهۆشی ئەو زەبرە بوو لەناکاو شەکیب لێی دابوو، زەبری بابە لە کوڕە کوشندەیە، ئەوە حیکایەتی ڕۆستەم و زۆرابە)). (بنووسە خوێن، 2021، ل6). زمان هەندێکجار لە ڕێگەی جەڤەنگەوە ئاڕاستەدەکرێت لەلایەن ڕۆماننووس، کە ئەمەش وادەکات دووربکەوێتەوە لە زمانی ئاسایی، ئەمەش ڕێگە خۆشدەکات زمان تایبەتمەندیی ئەدەبییوونی خۆی بپارێزێت، لێرەدا ڕۆماننووس، لە ڕێگەی جەڤەنگێکی نێو داستان و شانۆنامە و فۆلکلۆرەوە، هەوڵدەدات وێنەی نێوان "شەکیب" و "سامخان"، هاوشێوەی "ڕۆستەم" و "زۆراب" پێشکەش بکات، ئەگەرچی جۆرە جیاوازییەک لە نێوان ئەم دوو وێنەیە بەدیدەکرێت، ئەوەی کە "شەکیب" سەد دەرسەد دەزانێت ئەوە کوڕەکەی خۆیەتیی و پەشیمانیش نابێتەوە لە کوشتنەکەی. لەم پەرەگرافەدا چەندین واتای شاراوە و قووڵ هەن، کە ڕەهەندی جیاوازی کۆمەڵایەتیی و دەروونی و فەلسەفی دەخەنەڕوو. توندوتیژی ناو خێزان، پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان نەوەکان مەدلولێکی سەرەکییە لەم دەقەدا. ئەوەی باوک بە توندی لە کوڕەکەی دەدات، ئاماژەیە بۆ کێشە قووڵەکانی پەیوەندیی نێوان باوک و کوڕ لە کۆمەڵگەدا. ((ڕۆمانیش خۆی، وێناکردنی ڕۆڵی تاکە لەناو خێزان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، بەربەست و ململانێکانی لەگەڵ تاک و گرووپە جیاوازەکان، لەسەرووی ئەمانەشەوە، پەیوەستبوونی بە چینە کۆمەڵایەتییەکەیەوە. ئەم گشتگیریەی ڕۆمان وامان لێدەکات کە بڵێین ڕۆمان وەکو مەتنێکی کۆمەڵناسی، هەڵگری ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، سیاسیی و ئابووری واقیعیانەیە)). (ابابکر، 2022، ل56). ئەمە ڕەخنەیەکە لە سیستەمی باوکسالاریی و دەسەڵاتی ڕەهای باوک لە خێزاندا، تەنانەت سیستەمی سیاسیی و ئابووریش. تراژیدیای نەوەکان، بەکارهێنانی چیرۆکی "ڕۆستەم و زۆراب" وەک هێمایەک بۆ ململانێی نێوان نەوەکان و پیشاندانی دووبارەبوونەوەی مێژوو لە شێوەی تراژیدیا، ئاماژە بە چارەنووسی نەگۆڕی توندوتیژی نێوان باوک و کوڕ، ئەم ڕەهەندە تراژیدییە ئاماژەیە بە دەسەڵات، کە لەوانەیە داهاتووی خۆی وێران بکات، لەوکاتەی نەوەی نوێ لەناودەبات، لەبەرئەوەی نەوەی نوێ نوێنەرایەتی نوێبوونەوە و بەردەوامی دەکات. لاوازی و بێدەسەڵاتی، بێهۆشی "سامخان" نیشانەی بێدەسەڵاتی کوڕە، کەوتنی لە پەنا دیوارەکە وێنەی لاوازی و شکستە، ئەمەش وەک دەرخستنی نابەرانبەری هێز لە نێوان باوک و کوڕدا. بەشێوەیەکی گشتی، لەم پەرەگرافەدا لێدانی "کوشندە"ی باوک لە کوڕ، بیرۆکەی هێزی نایەکسانی و سەرکوتکردنی پێوە دیارە لە پەیوەندیی نێوان باوک و کوڕدا، ئەم پەیوەندییەش گۆڕاو و جووڵاوە، خوازەیەکی بەهێزە بۆ پەیوەندیی لە نێوان میللەت و دەسەڵات. تێیدا "باوک" دەسەڵات، هێزی زاڵ و توندوتیژی و سەرکوتکردنە، بەرامبەر بە "کوڕ" میللەت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی کەتواری هەندێک لە کۆمەڵگە و وڵاتانە، دەسەڵاتی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و تەنانەت ئابووریش، کە دەسەڵاتەکانییان بۆ سەرکوتکردنی خەڵک و هاوڵاتییەکانییان بەکاردەهێنێت، هەندێکجار پاساوی بۆ دێنێتەوە بە بیانووی پاراستن، یان بەرژەوەندی گشتی، هەر وەک چۆن باوک پاساو دەهێنێتەوە بۆ توندوتیژی بەرامبەر بە کوڕەکەی. ڕۆماننووس لە ڕۆمانی "بنووسە خوێن"، بەشێوەیەکی جوان و زمانێکی ئیستاتیکی وێنای سەردەمی جەنگی عێراق و ئێران دەکێشێت، بە زمانێکی ئیستاتیکی ڕووداوەکانی دەردەبڕێت، کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق و ئێران بەبێ جیاوازیی ئایین و ئایینزا بۆ ماوەی هەشت ساڵ بوونە قوربانی ئەم شەڕە نەگریسەی سەرانی هەردوو وڵات کە هەڵیان گیرساندبوو، هەر بۆیەش ڕۆماننووس بە زمانێکی ئیستاتیکی وێنەی نزیک لەو کەتوارەی بەشێوازێکی هونەریی دەردەبڕێت، یەکێک لەو ڕووداوانەی کە لە جەنگی "عەبادان" ڕوویدا شەهیدبوونی "حەسەنی زێڕنگر" بوو. ((حەسەنی زێڕنگر وەک شێت بە سەر و قژێکی پڕ دووکەڵ و تۆزەوە لە سەنگەرەکەی هاتبووە دەرێ، نەیزانی بوو بەرەو کام لا هەڵێ، گوللە تۆپێک چەند مەترێک لەو لایەوە تەقیبۆوە، جەستە باریک و سپی و ئاڵەکەی حەسەنی زێڕنگر کەوتبووە ناو هەوا، ئەو لەو سەرەوە هاواری کردبوو، لەو سەرەوە.. لەناو دووکەڵی ڕەش و پارچە ئاسن و باروت و تۆزدا زانیبووی بکەوێتە سەر زەوی دەمرێ)). (بنووسە خوێن، 2021، ل142). لەم پەرەگرافەدا ڕۆماننووس چەندین ڕەگەزی ئیستاتیکی زمانەوانیی بەکاردێت. وێنەی ئەدەبیی زیندوو، ڕۆماننووس لێرەدا وێنەیەکی زیندووی بۆ "حەسەنی زێڕنگر" دەکێشێت، "سەر و قژێکی پڕ لە دووکەڵ و تۆز" و "جەستەی باریک و سپی و ئاڵ" وێنەیەکی ڕوون و کاریگەر دەخەنە

بەرچاوی خوێنەر. بەزم و ڕەزمی ناوەکی، ڕستەکان بەشێوەیەک داڕێژراون، ڕەزمێکی خێرایان هەیە وەک "لەو سەرەوە هاواری کردبوو، لەو سەرەوە" ئەم دووبارەبوونەوەیە ڕەزمێکی تایبەت دەبەخشێتە دەقەکە، لەگەڵ دۆخە پڕ ترس و دڵەڕاوکێکەدا دەگونجێت. هەڵبژاردنی وشەکان، بەکارهێنانی وشەی وەک "سەنگەر"، "گوللە تۆپ" و "باروت" کەشێکی جەنگاوەرانە و پڕ لە ترس دەسازێنن هەروەها وشەی "زێڕنگر" بۆ ناوی کارەکتەرەکە لە دۆخێکی وەها نەخوازراو و ترسناکدا جۆرێک لە گاڵتەجاڕی "ئایرۆنیا" بەرهەمدێنێت. واتا شاراوە و ئاماژە قووڵەکانی ئەم پەڕەگرافە بریتین لە: گۆڕانی ناسنامە، گۆڕانی "حەسەن" لە زێڕینگرەوە بۆ کەسێک لەناو سەنگەردا، ئاماژەیە، کە چۆن جەنگ دەتوانێت ناسنامە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی تاکەکان بگۆڕێت و کارامەیی و وەستایی شارەزاییان لەکەدار بکات. ((جەنگەکان تەنها کار لەسەر گۆڕینی ڕۆڵی منداڵ و هەرزەکاران ناکەن، بەڵکو ئەم کاریگەرییە تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە ئەم کاریگەرییەش یان بەشێوەی پەککستنی ڕۆڵی تاکەکانە یاخود کاریگەرییەکە دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان)). (ابابکر، 2022، ل125). بێهێزی مرۆڤ بەرامبەر جەنگ، "حەسەنی زێڕنگر"، سەرەڕای ناو و ناسنامەکەی، ئاماژەیە بۆ پیشەیەکی نەرم و هونەریی لە بەرامبەر هێزی وێرانکەری جەنگدا زۆر بێهێز و بچووک دەردەکەوێت. ئەمەش ئاماژەیە بۆ بێتوانایی تاکەکەس لە بەرامبەر هێزە گەورەکانی جەنگ و سیاسەتدا. لەناوچوونی جوانی و هونەر، لە کاتی جەنگدا "زێڕنگر"، کە پیشەیەکە پەیوەندیی بە جوانی و وەستایی "دەست و هزر ڕەنگینیی" داهێنانەوە هەیە، لەناو دۆخێکی پڕ لە دووکەڵ و تۆز و وێرانکاریی دایە، ئەمەش ئاماژەیە، کە چۆن جەنگ جوانی و هونەر لەناودەبات. دۆخی نائاسایی و سەرلێشێواوی، وەسفی "وەک شێت" و نەزانینی بەرەو کوێ هەڵبێت، ئاماژەیە بۆ دۆخی نائاسایی سەرلێشێواوی، کە جەنگ بەسەر خەڵکدا دەیسەپێنێت. ژیان و مەرگ، جەستەی "حەسەن"، کە لە هەوا دایە و دەزانێت ئەگەر بکەوێتە سەر زەوی دەمرێت، نیشانەی دۆخێکی ناسکە لە نێوان ژیان و مەرگدا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ناسکی و کورتی ژیان لە کاتی جەنگدا.

دوای ڕاپەڕین ڕۆماننووس ڕووداوێکی کەتواریمان بەبیردێنێتەوە، کە ئەویش گەڕانەوەی پارتە سیاسییە کوردییەکان و دروستبوونی چەند پارت و دەستەیەکی تری نوێ بوون لە کوردستانی ئازاددا، کۆمەڵگەی کوردی دابەشبوون بە سەر ئەم پارتانە، تا کار گەیشتە ململانێی ڕەنگەکان، دواجار کۆمەڵگەی کوردی بەرەو لێکترازان و ماڵوێرانی و شەڕی براکان برد، لەم بڕگەیەشدا زیاتر تیشک دەخاتە سەر کارەکتەری "شیرین" و بێئاگایی ئەو لەو گۆڕانکارییە گەورەکانی دەوروبەری. ئەم دۆخە دژبەیەکە لە نێوان ئارامی دنیای تایبەتی "شیرین" و ئاژاوەی دەرەوە، وێنەیەکی بەهێز و پڕ واتا دەئافرێنێت. ((گەڕەک کەوتبووە سەر ئاوازی تەقینەوە، شیرین ئەوانەی نەبیست، ئەو نەیزانی شار چەند لە ناکاو دابەشبوو، گرووپێک سەری پڵینگیان کردە ئاڵا و گرووپێک سەری شێر، گرووپێک شمشێر و گرووپێک داربەڕوو، کۆمەڵێکیش خاکەناز. هەشیان بوو هیچییان بۆ نەمابۆوە سەری سەگ و ڕێوی و ورچیشیان هەڵواسیبوو، شیرین ئاگای لە شەقبوون و لەتبوونی گەڕەکەشییان نەبوو، ئەو لە ماڵی شەمعون خەریکی تێکەڵکردنی ڕەنگەکان بوو، ئاگای لێنەبوو ڕەنگەکان چییان بە خەڵکەکەی کردووە، نەیزانی بوو خێزانەکان درزیان تێبووە و ژوورەکانییان لەنێوان خۆیان دابەشکردووە)). (بنووسە خوێن، 2021، ل393). لەم پەڕەگرافەدا ڕۆماننووس بەشێوازێکی هونەریی وێنەیەکی زیندوو پڕ واتا لە دۆخێکی ئاڵۆز و پڕ کێشمەکێش دەخاتەڕوو. "ئاوازی تەقینەوە" مەدلوولی ئاژاوە و تێکچوونی کۆمەڵگەیە، ئاڵاکانی تاقم و دەستە جیاوازەکان "سەری پڵینگ، شێر، شمشێر، داربەڕوو و خاکەناز" مەدلوولی دابەشبوونی کۆمەڵگە و ململانێی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیین. "تێکەڵکردنی ڕەنگەکان" لە لایەن "شیرین"ەوە مەدلوولی هەوڵدانە بۆ یەکگرتن و لەنێو ئاژاوەدا، هەروەها نیشانەی هونەر و داهێنانە وەک پەناگەیەک لە دژی کاولکارییەکان. "درزبوونی خێزانەکان و دابەشکردنی ژوورەکان" مەدلوولی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیی و خێزانییەکانە. بێئاگایی "شیرین" لەم گۆڕانکارییانە مەدلوولی دابڕانی تاکە لە کۆمەڵگە و بێتوانایی تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە خێراکان. ((ئەگەر لەکاتێکدا زمانی ئاخاوتن بەوە وازبێنێ، کە مەبەست ومانایەکی دیاریکراو بەبەرامبەر بگەیەنێ، ئەوا زمانی دەق لەپشت دەربڕین و واتایەکی دیاریکراو ماناو واتای دیکە بەرهەمدێنێ)). (میراودەلی، 2008، ل35). ئەمانەش وێنەیەکی ئاڵۆز و چەند ڕەهەندی لە کۆمەڵگەیەکی قەیراناوی و پارچەپارچە بوو دەخەنەڕوو، تێیدا پەیوەندیی، بەها و ناسنامەکان لە گۆڕان دان. هەندێکجار ڕۆماننووس جگە لە کەتوار، پەنا دەباتە بەر جیهانی ئەفسانە و جادوو و ئەندێشە، لەمیانەی جیهانبینیی

خۆیەوە سەبارەت بە دیاردەکان پەنا بۆ ئەم جۆرە ڕووداوانە دەبات، لە ڕێگەیانەوە ڕووبەڕووی کەتوار دەبێتەوە، ئەم جیهانەش پڕە لە ڕووداو و کارەسات و دیاردەی نەگونجاو و سەیر و سەمەرە و نالۆژیکی، دەکرێت ئەفسانە و داستان و هەقایەت کەشێکی فانتازیی دروستبکەن بە سوودوەرگرتن لە فۆلکلۆر. ((دەلوێ، بۆ سەرچاوە هەڵگرتن لە فانتازیا، ئەفسانەو داستان و حەقایەتی شەوانی بەرگوێی ئاگردان و لاوکی دیوەخانان، بەو سەرچاوە بزانین، لەبەر ئەوەی، لە چەند ڕویەکەوە، چوون یەکن ، هەروەها یۆتۆپیای (UTOPIA) دێرین و نوێش، جۆرێکن لە فانتازیا)) (سەراج، 2007، ل64). هەموو ئەمانەش بۆ دەوڵەمەندترکردنی سامانی نەتەوەیی و خزمەتکردنیەتی، مەزراندنیشیان بەشێوەیەکی هونەریی لە کاری ئەدەبیدا، پارێزگاریکردنە لە سامانی نەتەوەیی. کەواتە: هونەری ڕۆماننووسین، وەکو ژانرێکی فراوان، گونجاوە بۆ مەزراندنی ئەم سەرچاوانە، ڕۆماننووسان توانیوویانە گەلێک ڕۆمانی کاریگەر و بە چێژ بەرهەمبهێنن، یاخود لەنێو ڕۆمانەکانیان چەند ڕووداوێکی فانتازیی تێکەڵ بە زنجیرە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیان بکەن، بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر چێژی لێببینێت و دەقەکە بە نەمریی و کاریگەریی بهێڵێتەوە. لە ڕۆمانی "بنووسە خوێن"دا ڕۆماننووس، پەنای بۆ ڕووداوی فانتازیی بردووە بۆ تەواوکردنی زنجیرە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی، کە بنیاتێکی ئیستاتیکی بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت، ڕۆماننووس لە پێناسەی کارەکتەرەکان، بە کارەکتەرێکی ڕۆمانەکەمان ئاشنا دەکات، کە ناوی "ئیلۆ"، یان "ئەحمەد پاڵەوان"ـە، کە توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەیە، لە کەسانی ئاساییدا نییە، کارەکەی سنووری لۆژیکی بەزاندووە، وەک لە ڕووداوی کوشتنی ئەژدیهاکە. ((وەختێک ئەژدیهاکە بە تەواوی ئیلۆی چاو هەڵۆی قوتدا، لەگەڵ دوا تەکانی قوتدانی، ئەژدیهاکە بووە دوو لەت، بووە دوو پارچە هەر پارچەی کەوتە لایەک، ئەو شمشێرانەی ئیلۆ ڕاست و چەپ لە خۆی بەستبوون، ئەژدیهاکەی کرد بووە دوو لەت. دڕندەکە تەنها بەهێزی خۆی لەناو دەچوو، لەگەڵ قوتدانی ئیلۆ و هەردوو شمشێرەکە وردە وردە ئەژدیهاکەیان لە دەمییەوە بڕی و کردە دوو لەت)). (بنووسە خوێن، 2021، ل344). لەم پەرەگرافەدا، زمان بەشێوەیەکی هونەریی بەکاردێت بۆ گێڕانەوەی ڕووداوێکی شانۆیی و سەرنجڕاکێش. وشەکانی وەک "قوتدا"، "دوولەت"، دوو پارچە" و "کەوتە لایەک"، وێنەیەکی زیندوو و بەهێز دەخەنە بەرچاوی خوێنەر، ئەم دەربڕینانە نەک تەنها ڕووداوەکە دەگێڕنەوە، بەڵکو هەستی بینین و جووڵەش لە خوێنەردا بەرجەستە دەکەن. هەروەها بەکارهێنانی وشەی "دڕندە" بۆ ئەژدیهاکە و "چاوهەڵۆ" بۆ ئیلۆ، واتای قووڵتر بە چیرۆکەکە دەبەخشن، کە پەیوەندیی بە ململانێی نێوان چاکە و خراپە و هێز و لاوازییەوە هەیە. ((زمان ڕۆڵێکی دوو لایەنەی هەیە لە دەقی ڕۆماندا: ڕازێنەرەوەی شێوەیە و دەربڕی ناوەڕۆک)). (محەمەد، 2024، ل194). واتا قووڵەکانی ئەم دەقە فرەڕەهەندن. لە لایەکەوە پیشاندەدات کە چۆن هێزی خراپە "ئەژدیهاکە" بە هۆی زیادەڕۆیی و لووتبەرزییەوە خۆی لەناو دەبات، لە لایەکی ترەوە ئەوە پیشاندەدات کە چۆن ئامادەباشی و ژیریی "شمشێرەکانی ئیلۆ" دەتوانن سەرکەوتن بە دەستبهێنن بە سەر هێزی زۆردا هەروەها دەکرێت وەک هێمایەک بۆ خۆڕزگارکردن و سەرکەوتن بە سەر کۆسپەکانی ژیاندا لێی بڕوانین. ((زۆری پێنەچوو ڕووناکایی پڕ ژیان و گەرمی سەر زەوی دەرکەوت و هەناسەی ئارامی و هەستی خانەخوێی زەوی گەڕایەوە ناو سینگی ئیلۆ، کچی پاشا دەیویست بفڕێ، بێ سیمرخ و باڵ بچێتە ئاسمان، لەشی سووک و بێکێش ببوو وەک ئەوەی شینە شاهۆیەک بێت کەوتبووە باڵ لێکدان)). (بنووسە خوێن، 2021، ل354). لێرەدا بە بەکارهێنانی هەندێک وشە و دەستەواژە، ڕۆماننووس جۆرێک لە شیعرییەتی بەخشیووەتە زمانەکە، بە جۆرێک لە گەیاندنی واتای ڕاستەوخۆ دوورکەوتۆتەوە، سەبارەت بە گەڕانەوەی "ئیلۆ" و گەیشتنی کچی پاشا بۆ سەر زەوی. "ڕووناکی پڕ لە ژیان و گەرمی" وێنەیەکی زیندوو هەستپێکراو دەسازێنێت، گۆڕانکاریی لە دۆخێکی نەرێنییەوە بۆ دۆخێکی ئەرێنیی پیشاندەدات. "هەناسەی ئارامی" و "هەستی خانەخوێی زەوی" دوو دەستەواژەن، کە پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا دروستدەکەن، هەمووشیان ئاماژەن بۆ گونجانی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەکەیدا هەروەها بەکارهێنانی وشەی "سینگ" بۆ گەڕانەوەی ئەم هەستانە، وێنەیەکی هەستیار و ناسک دەئافرێنێت، پەیوەندیی نێوان هەست و جەستە پیشاندەدات. بەراوردکردنی "کچی پاشا" بە "شینە شاهۆیەک" کەوتۆتە "باڵ لێکدان" وێنەیەکی زیندوو و جووڵاو دەئافرێنن، هەستی ئازادی و سەربەستی دەگەیەنێت. "فڕین بێ سیمرخ و باڵ" ئاماژەیە بۆ توانای مرۆڤ لە بەدیهێنانی خەونەکانی، تەنانەت کاتێک ئامرازەکان بەردەست نین. سووکبوون و بێ کێشی لەش، ئاماژەیە بۆ ڕزگاربوون لە کۆت و بەندەکانی ژیانی

ڕۆژانە و گەیشتن بە ئاستێکی باڵای گیانی. بەمشێوەیە زمانی دەقەکە، لە ڕێگەی وێنە ئەدەبییەکانەوە چەمکە قووڵەکانی ئازادی، گەشەکردن و خۆدۆزینەوە دەخاتەڕوو.

### ٣.٣. زمان و دیالۆگ:

زمان ئامرازێکی دەربڕینی خودی مرۆڤە، بە تایبەتی لە بواری ئەدەبی و دەقێکی داهێنەرانەدا، لە ڕۆماندا کاریگەریی زمان لەسەر فەرهەنگی وشەی بەکارهێنراو و هاوسەنگی بە واتا بەهێزەکانەوە دەوەستێت، کەوا لە خوێنەر دەکات هەست بە چێژوەرگرتن بکات لە خوێندنەوەدا. بەو پێیەش لە کۆتاییدا جۆرێک لە کاریگەریی و ئاراستە هەیە لە دووبارە لێکدانەوەی دەقەکە و بیرۆکەکانی و چەندین هەڵوێستی مرۆیی، بەڵکو دەتوانێت گوزارشت لە زۆربەی تەکنیکەکانیش بکات، وەکو "شەپۆڵی هۆش، مۆنۆلۆگ، دیالۆگ و فلاشباک". ((لە دیالۆگدا زۆر پێویستە تایبەتمەندیی زمانی کارەکتەر بەرجەستە بێت لەزمانی ڕۆژانە نزیک بێت. هەر لەڕێی ئەم زمانەوە واتا بەرهەم دێت و وێنەی کارەکتەرەکان دەکێشرێت، سەرەڕای ئەمەش یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی فرە زمانی لەدەقی ڕۆماندا، دیالۆگی نێوان کارەکتەرە جیاوازەکانە)). (گەردی، 2023، ل288). ڕۆماننووس لە دایالۆگدا پەنا دەباتە بەر زمانی ئاسایی خەڵک، یان دیالێکتە جیاوازەکان، یاخود زمانی فەرمی، کە ئەمەش شتێکی ئاساییە و ئاماژەیە بۆ دەوڵەمەندی زمان، جا هەر زمانێک بێت، بەکارهێنانی هەر یەکێک لەوانە جۆرێک لە جوانکاریی بە دایالۆگ و دەقەکە دەبەخشێت، کە پەیوەستە بەو وشە و دەستەواژە و ڕستانەی ڕۆماننووس هەڵیاندەبژێرێت بۆ دیالۆگەکەی، دەبێت لەگەڵ ژینگە و ئاستی ڕۆشنبیریی و دەربڕین و پێگەی کۆمەڵایەتیی کارەکتەرەکان بگونجێت، زمانێکی سادە و ڕوونیش بەکاربێنێت.

زمانی دایالۆگ لە ڕۆماندا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە لە زمانی دیالۆگی ژانرەکانی تر جیاوازە. لە هونەری ڕۆماننووسیندا، ئەم جیاوازییە لە سروشتی ڕۆمان، کارەکتەر، توخم و پێکهاتە، ئامانجە هزریی و هونەرییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕۆماننووسی لێهاتوو دەتوانێت بە دەربڕینی ئاستە جیاوازەکانی زمان، ئەم ئامانجانە بپێکێت. کاتێک باس لە پێوەری زمان دەکەین، دەڵێین: ڕۆماننووسێک لە دەربڕینی ئاستەکانی زمان سەرکەوتووە، واتە: توانیوویەتی ئەم جیاوازییانە بخاتە ناو دەقەکەیەوە بەشێوەیەک، کە ڕاستگۆیی هونەری و ئەدەبی بپارێزێت و کارەکتەرەکانی بە زمانێک قسە بکەن، کە لەگەڵ کەسایەتی، دۆخی کۆمەڵایەتیی و مێژوویيان بگونجێت. زمانی کوردی ئەوەی سەلماندووە لە زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکان بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی، بەشێک لە ڕۆماننووسانی کورد توانیوویانە ئەو ئاستانەی زمان بگونجێنن لەگەڵ دایالوگ و گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانیاندا، یەکێک لەوانە "جەبار جەمال غەریب"ە، کە لە ڕۆمانەکانیدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش زمانی لە چوارچێوەی دایالۆگ دەخاتەڕوو، بە دیاریکراوی لە دایالۆگەکانی ڕۆمانی "بنووسە خوێن"دا، کە کۆمەڵێک ئامانج لەخۆدەگرن.

### ٤.٣. ئامانجە هزریی و هونەرییەکانی زمانی دایالۆگ لە ڕۆمانی "بنووسە خوێن"دا:

زمانی کوردی لە سەردەمی نوێ و هاوچەرخدا، سەلماندی کە باشترین ڕێگەیە بۆ هۆشیاری خودیی و هۆشیاری ناسنامە و نەتەوەیی، ئامانجێکە لە دەست ڕۆماننووسان لەپێناو ڕەسەنایەتیی لە بەرامبەر داگیرکەران و شێوە و چەشنەکانی ژێردەستەیی، کە ئەمەش ئامانجێکی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە. مێژووی نوێ و هاوچەرخی ژانرە ئەدەبییەکان بە گشتی، جگە لە مێژووی نوێکردنەوەی زمانی کوردی شتێکی تر نییە. ڕۆماننووسان بەردەوام لە ململانێی ئەوە دان، کە زمان بگونجێنن لەگەڵ وردەکارییەکانی دەقەکە و پەرەپێدانی زمانەکە، بۆ ئەوەی توانست و دەستڕەنگینی خۆیان بسەلمێنن، بێگومان ئەم توانا زمانییەش بەشێکی لە دایالۆگدا دەبێت. هەروەک لەم دایالۆگەی ژووری لە سێدارەدان، کە خوێنەر ئاشنادەبێت بە چەند دەنگێکی جیاواز، کە چاوەڕێی جێبەجێکردنی فەرمانی لە سێدارەدانەکەیانن، بەهۆی پەیوەندییان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە شاخدا، ئەمەش لە سۆنگەی نیشتمانیی و نەتەوەییەوە، لە ڕێی ئەم دایالۆگەوە، ورە و خۆڕاگرییان بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت. ((ئومێد لە مەلا عەونی پرسی:

– ناتوانم جۆری مردنەکەم بگۆڕم؟

– بە چی، ڕۆڵە؟

– بە ڕەمی.

مەلا عەونی گوتی:

– فەرمانی هەر حەوتمان لە سێدارە دانە، نابێ بە دڵی خۆت بمری.

دەرسیم پرسی:

– بۆچی دەتەوێت بە ڕەمی بێت؟ ڕەمی خۆشترە

هەموویان بە سەرسامییەوە سەیری دەرسیمیان کرد،

کەی قوباد پرسی:

– خۆشترە!

ئەو گوتی:

– مەبەستم ئەوەیە، جیاوازییان نییە؟ چونکە من بە نیازی کوشتن ڕەمی کراوم.

مەلا عەونی گوتی:

– بە نیازی کوشتن ڕەمی کراوی، بەڵام بە چاو و دەست بەستراوی نا.

سوڵتان گوتی:

– دەڵێن لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بە کورسی کارەبایی خەڵک دەکوژن، ئەوەیان لە هەموویان خۆشترە.

دیسانەوە کەی قوباد گوتی:

–خۆشترە!

عامری برای سوڵتان هەڵیدایە و گوتی:

– مەبەستی ئاسوودەترە، ئاسانتر دەمری، بە ژەهر باشترە بۆمان لە ناو خواردنەکە کەن و نەزانین)). (بنووسە خوێن، 2021، ل279–280). زمانی دایالۆگەکە سادە و ڕاستەوخۆیە، بەڵام لەهەمانکاتدا قووڵە. ڕستەکان کورت و کاریگەرن، کە هەستی گرژیی و سەرلێشێواویی دۆخەکە زیاتردەکەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و هەستی ڕاستەقینەی ئەوانە. دایالۆگەکە وێنەیەکی ئەدەبی بەهێز بەرهەمدێنێت، تێیدا هەست و بیرکردنەوەکانی کارەکتەرەکان ڕووندەکرێنەوە. ((چونکە ڕۆماننووس لە ڕێگەی کارەکتەرەوە دید و بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت و لە میانی کارەکتەرەوە ناوەڕۆک و ئایدیای ڕۆمانەکە دەردەکەوێت)). (عارف، 2019، ل63). بۆ نموونە: کاتێک "مەلا عەونی" دەڵێت: "فەرمانی هەر حەوتمان لە سێدارە دانە، نابێ بە دڵی خۆت بمری"، ئەمە ئاماژەیە بە ڕەوشی ئایینی و ئەوەی کە مرۆڤ نابێت خۆی بەرپرسیار بێت لە کۆتایی پێهێنانی ژیانی. بابەتی بوونگەرایی، دایالۆگەکە ئەوە دەخاتەڕوو، مرۆڤ چۆن هەوڵدەدات هەندێک جڵەوگیری هەبێت تەنانەت لە دۆخێکی تەواو و بێدەسەڵاتیشدا، "ئومێد" دەیەوێت هەڵبژێرێت چۆن دەمرێت کاتێک لە ڕاستیدا هیچ هەڵبژاردنێکی نییە. هەروەها کاتێک "سوڵتان" باسی کورسی کارەبایی دەکات، ئەمە وێنەیەکی نوێ و سەرنجڕاکێش پیشاندەدات، کە بەراورد دەکرێت لەگەڵ شێوەکانی کۆن. لە دایالۆگەکەدا ڕەخنە و گاڵتەجاریی هەیە، لە ڕێگەی دایالۆگەکەوە دەردەکەوێت. بۆ نموونە: کاتێک "سوڵتان" دەڵێت: "لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بە کورسی کارەبایی خەڵک دەکوژن ئەوەیان لە هەموویان خۆشترە"، ئەمە ڕەخنەیەکی نهێنییە بۆ شێوازی کوشتنی نوێ لە وڵاتە پێشکەوتووەکان. ناکۆکی لە نێوان بیرکردنەوەی ڕەوشی و ئایینی "مەلا عەونی" و بیرکردنەوەی ماددەگەری و گاڵتەجاریی "سوڵتان" و "قوباد" ڕووندەکرێتەوە. ئەم دژیەکییانە زیاتر ڕوونکەرەوەی بیرکردنەوە و هەستی جیاوازیی کارەکتەرەکانە. هەروەها لە نێوان ئاسوودەیی و نائاسوودەیی، "عامر" باسی ئاسوودەیی دەکات و دەڵێت: "ئاسانتر دەمریت، بە ژەهر باشترە و بۆمان لەناو خواردنەکە کەن و نەزانین". ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی شێوەیەکی ئاسانتر بۆ مردن، لەکاتێکدا "مەلا عەونی" زیاتر باسی نائاسوودەیی و قورسی مردن دەکات. لەم دایالۆگەدا دەتوانین بڵێین: ڕەمیکردن=گوللەبارانکردن فرەڕەهەندە و مەدلوولی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فەلسەفی لەخۆدەگرێت. لە ڕووی دەسەڵاتی سزادانەوە، گوللەبارانکردن وەک ئاماژەیەک، نیشانەی سەرکوتکردنی ئاشکرا و فەرمییە. "بە نیازی کوشتن ڕەمی کراوی"، ئاماژەیە بە پرۆسەیەک کە هەڕەمەکی نییە، بەڵکو بە پێی سیستەمێک بڕیاری لێدەدرێت. ئەمەش مەدلوولێکە بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانی توندوتیژی ڕێکخراو لەلایەن دەسەڵاتەوە بەرامبەر بە نەیارەکانی. "بەڵام بە چاو

و دەست بەستراوی نا" ئاماژەیە بۆ مافی دەربڕینی بیروڕا و بەرگریکردن، کە ئەمەش نیشانەی خۆڕاگری تاک و هزریی نەتەوایەتییە بەرامبەر بە زوڵم و دەسەڵات، کە مەدلوولی قوربانییەکانە دەتوانن بەرگری بکەن و بەرەنگاری دەسەڵات ببنەوە. ((ئەو دەسەڵاتەی لە کۆمەڵگەی کوردی ڕۆڵ و بوونی هەبووە، بە شێوازی جیاواز لە ڕۆماندا ڕەنگیداوەتەوە، مەرج نییە هەر تەنها دەسەڵاتێکی سیاسی و خاوەن سیستمی حوکمڕانی و دەزگای سەربازی بێت، بەڵکو جاری وا هەیە دەسەڵاتێکی دەرەبەگایەتی و خێڵەکی هەمان ڕۆڵ و مومارەسەی دەزگایەکی سیاسی دەکات لە زەوتکردن و پێشێلکردنی مافی تاکەکانی کۆمەڵ)). (ڕەسوڵ، 2013، ل223). "کورسی کارەبایی" مەدلوولی بە هاوچەرخکردنی توندوتیژیی و سەرکوتکردنە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، کە دەڵێت "خۆشترە" ئاماژە بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات دەکات بەبێ گۆڕینی ناوەرۆکەکەی، ئەم ڕەخنە توندە، هەرچەندە ئاماژەیە بە گۆڕانی شێوازەکانی دەسەڵات و دەستاودەستکردن، بەڵام بنەچە و ڕەگوڕیشەی توندوتیژیی و سەرکوتکردن تێیاندا هەر بەردەوامە. "مەبەستی ئاسوودەترە، ئاسانتر دەمرێ، بە ژەهر باشترە بۆمان لەناو خواردنەکە کەن و نەزانین"، ئاماژەیە بە سەرکوتکردنی شاراوە و نادیار، مەدلوولێکی قووڵ و بەهێزی هەیە و ترسناکە، قوربانییەکان نازانن، چۆن و بەچی و کەی و لەلایەن کێوە دەکوژرێن. لێرەدا ئاماژە بە دامودەزگا سیخوڕییەکان دەکات، کە لە ڕێگەی پیلانی شاراوە و چاودێریکردنەوە ترس و دڵەڕاوکێ دەخەنە ناو کۆمەڵگە، کە هەندێکجار دەسەڵاتە سەرکوتکارەکان بەکاریدێنن بۆ چاندنی ترسی بەردەوام لە دڵی تاکەکانی کۆمەڵگە.

زمان هۆی سەرەکیی گواستنەوەی بیرۆکە و واتا و هەستە، کە ئەمانەش پەیوەستن بە ناوەرۆکێکی هزریی و سۆزدارییانە و ئەو پەیامەی دەگەیەنرێت. ((لە دیالۆگی ڕاستەوخۆدا کارەکتەرەکان قسەدەکەن، لە ڕێگەی دیالۆگەکانیانەوە پێگەییان لەنێو ڕۆمانەکە و پێکهاتەی هزریی و پێگەی کۆمەڵایەتییان بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، هەر بۆیە دیالۆگ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پرۆسەی ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەدا دەبینێت)). (حەمدان، 2008، 133). بەو پێیەی ئەدەب بە پلەی یەکەم پەیامێکە، ڕۆماننووس لە زمانێکەوە دەست پێدەکات کە ڕەگوڕیشەی لە بژاردەکانی گەیاندن هەیە. هەروەک لەم دیالۆگەی نێوان مامۆستا "چالاک" و "شەهلا"ی خێزانی. ((چالاک دووبارە پرسییەوە:

– چ کۆستێکت کەوتووە؟

شەهلا گوتی:

– ئەو سەگبابە، ئەو دڕندە و خوێنڕێژە هەر سێکیانی، هەر سێکیانی، بۆ تۆ گوێت لە تەقەکان نەبوو؟

چالاک پرسییەوە:

– بۆچی تەقەکان نزیک بوون؟ کام سەگباب؟

– سەوزە و میوە فرۆشەکە، دوکانەکەی بەرامبەر کۆڵانی ئێمە، ئەوەی سەر جادە، منداڵەکانی خۆی دانە بەر گوللە.، هەر سێکیان.

– چییە؟ چییە کچێ چی ڕوویداوە؟ خەڵک دەستی دەچێتە منداڵی خۆی تۆ بۆ وا شێواوی؟))). (بنووسە خوێن، 2021، ل46). لێرەدا ڕۆماننووس، بە زمانێکی سادە ئەم دیالۆگە دادەڕێژێت، هەرچەندە دەستەواژەی "هەر سێکیان"ی چەند جارێک دووبارە کردۆتەوە، کە هەمووشییان یەک واتا دەبەخشن، تەنیا بۆ سەرەنجڕاکێشان چەندبارەی کردۆتەوە، لێرەدا تەنیا لە خەمی گەیاندنی پەیامەکەیە، زمانی دیالۆگیش لە خەمی ڕاگرتنی ئەم هاوسەنگییەیە لە نێوان دەوڵەمەندی زمانی فەرمی لە بەرامبەر سنووردارbوونی زمانی سادەی ڕۆژانەی خەڵک و بەشە زارەکانی زمان، زمانی دیالۆگ لە ڕۆماندا ئەم کێشەیە چارەسەر و باشتر دەکات، جۆش و خرۆشی هونەریی خەڵکی ئاسایی بە گشتی و بژاردەی کۆمەڵگە بە تایبەتی ڕازی دەکات، بێگومان ئەمەش کاریگەریی لەسەر سیمای پەیامەکە دەبێت و ڕەهەندی پەیوەندیی زمانی دیالۆگ بەهێزدەکات، ئەمجۆرە زمانە لەم ڕوانگەیەوە دێت، کە ڕۆماننووس زیاتر گەیاندنی پەیام بۆی گرنگە.

ڕۆماننووس بەهۆی پێداویستییە تەکنیکییەکانی ڕۆمان، ڕێگەی پێداوە زمان بە پێی پێویستیی ڕووداوەکان لە دیالۆگدا دابڕێژێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ناسینی شوێنی هەر وشەیەک لە دەربڕینی دیالۆگدا بۆ نموونە: ئەگەر کرێکارێک لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانێک هەستبکات هەمان قسەکانی خۆیەتی لە دیالۆگەکاندا، بەهەمان شێوە ئەگەر ڕۆشنبیرێک هەمان

ڕۆمان بخوێنێتەوە شتێکی نامۆ نابینێت، بەمجۆرە زمانی هەموو چین و توێژەکان لە دیالۆگدا خۆیان دەبیننەوە، ئەمەش ئامانجێکی هونەرییە لە دیالۆگدا. وەک لەو دیالۆگە ڕاستەوخۆیەی نێوان "چالاک" و "کیشوەر". ((کیشوەر گوتی:

– بە پشیلەی لێو خەنجەر، بە پشیلەی نینۆک نەشتەر، دێنە سەر دەستت بە تاو، دەشکێنن سوورایی چاو، ئەو مشکانە زۆر دڕن، دەبێ زگیان هەڵدەڕن. بە پێنج دیناری لێو سوور، بۆت دەبێتە گڕ و نوور.

چالاک پرسی:

– بەڵام ئەو مشکانە کێن؟

کیشوەر گوتی:

– ئەوەش دەیەوێ، بۆ خۆشت بزانە، هاوسێی دەستە ڕاستت، دەشێ ماڵەکەی بەرامبەرتان بێت، دۆستێکی سەرکارەکەت، برا و براژنت، خزم و دۆست و یارت بن. یەکیان لە من دیارە، دەتوانم بڵێم ناسراوە، ژنێکی مەمک گەورە. چاوی تیژە وەک تەورە، ژنێکی ناسکۆڵەش دێ، دڵت بە خەنجەر دەبڕێ. ئەو ژنە هی سەرجێیە، هەزار پیاوی لە ڕێیە.

چالاک پرسی:

– ڕێگای ڕزگاربوون نییە؟)). (بنووسە خوێن، 2021، ل70-71). لەم دیالۆگەدا لە ڕێگەی ئیستاتیکای زمانەوە، باری دەروونی و ئاستی ڕۆشنبیریی و زۆر لایەنی تری کارەکتەرەکانمان بۆ ئاشکرا دەبێت. ئیستاتیکای زمان بەشێوەیەکی هونەریی و دەوڵەمەند دەردەکەوێت. لە ڕێگەی سیستەمی سەرواداری و ڕەزمی شیعریی بەهێز،"سوور/نوور، چاو/ تاو، دڕن/ هەڵدەڕن"، کە بەشێوەیەکی ڕەوان و میوزیکی دەخوێندرێنەوە، هەروەها بەکارهێنانی وێنەی ئەدەبی زۆر وەک خواستن و لێکچوواندن، "پشیلەی لێو خەنجەر"، "چاوی تیژە وەک تەورە"، جوانکارییەکی ئەدەبی بەهێز دەبەخشێتە دیالۆگەکە. سروشتی خوازەی زمانەکە، بە تایبەتی لە وێنەکێشانی مرۆڤەکان وەک ئاژەڵی مەترسیدار "پشیلە" و "مشک"، چەکدارکردنیان بە ئامرازی تیژ "خەنجەر" و "نەشتەر"، ترس و هەڕەشەیەکی شاراوە دەگوازێتەوە. جگە لەمەش، دابەشبوونی هێزی دەقەکە لەنێوان "کشوەر"، کە بە زمانێکی پڕ جەڤەنگ و هێمای سێکسی قسەدەکات و "چالاک"، پرسیارێکی ساکار و ڕاستەوخۆ دەکات، دژیەکییەکی شانۆیی دەئافرێنێت، کە گرژی لە دەقەکەدا زیاد دەکات، بە تایبەتی کاتێک "کیشوەر" بەشێوەیەکی نهێنییانە باس لە ناپاکی و مەترسی کەسە نزیکەکان دەکات، بە وێنەی ئەدەبی، کە تێکەڵاویەکە لە "ئیرۆتیک" و ترسناکی کۆمەڵایەتیی. بۆ نموونە: کاتێک باسی "ژنێکی مەمک گەورە" دەکات، کە "چاوی تیژە وەک تەورە"، ئەمە هەستی ترس و مەترسی لە خوێنەردا بەرجەستە دەکات لەبەرئەوەی کاتێک کارەکتەرێک دوو ڕووی جیاواز و پێچەوانە پشاندەدات، ڕووی یەکەم: "ژنێکی مەمک گەورە" جوانی، سێکسی، سەرنجڕاکێش و فریودەر دەردەکەوێت. ڕووی دووەم: "چاوی تیژە وەک تەورە" مەترسیدار، بکوژ و ترسناک دەردەکەوێت. جوانی ڕووکەش "مەمک گەورە" لەگەڵ مەترسی مەرگبار "تەورە" تێکەڵدەبن، کە ئاماژەن بە ئافرەتێک کە دەبێتە هۆی فریودان و کوشتن، ئەمەش نهێنی و بەهێزی ئەم ئافرەتە دەنوێنێت، کە توانای لەناوبردنی زۆر کەسی هەیە بۆیە تێکەڵاوی سێکس و مەرگ، فریودان و کوشتن و تۆڵەسەندنەوە هەستێکی ترسناک لە خوێنەردا بەرجەستە دەکات چونکە هەمان ئافرەت هەم دڵڕفێن و فریودەرە بە جەستەی، هەم بکوژە بە چاوەکانی ئەمەش ناکۆکییەکی نادیار پیشاندەدات، خوێنەر نازانێت ئەم ئافرەتە دۆستە، یان دوژمن. دەربڕینی وەک "دڵت بە خەنجەر دەبڕێ" وێنەیەکی توندوتیژی و ئازار بەخش دەئافرێنێت. ڕۆماننووس هەوڵدەدات جیاوازیی لە نێوان دوو جۆر ژن بسازێنێت، یەکێکیان بەهێز و ترسناک، ئەوی دیکەیان ناسکە، بەڵام مەترسیدارە. کۆتایی دەقەکە کە ئاماژە بە کاریگەریی و ڕاکێشانی ئەم ژنە دەکات، کە "هەزار پیاوی لە ڕێیە"، ئەمەش وێنەیەکی بەهێز پیشاندەدات سەبارەت بە هێز و کاریگەریی ئەم کارەکتەرە. دیالۆگەکە بەشێوەیەکی مەتەڵئامێز دەربڕینەکانی پێکدەهێنێت، چیرۆکێکی پڕ لە هەست و خەیاڵ دەئافرێنێت، کە وا لە خوێنەر دەکات بە قووڵی بیر بکاتەوە و لە ناوەڕۆکی دیالۆگەکەدا بگەڕێت.

گومانی تێدا نییە کە هە موو داهێنانێک بەندە بە سەرچاوە باوەکانی ناو کۆمەڵگە و خەڵک. لێرەدا ئاماژە بەو دیالۆگەی نێوان پیر "عیسۆ" و "جوبرائیل" دەکەین. ((بەپیر عیسۆی گوت:

– ترس دەتکاتە کەسێکی دیکە، ترسێک بگاتە دڵت، ترسێک پێیەکت بەرێتە ئەو دونیا تەواو دەتگۆڕێت، ئەو تۆقیینە دەشێ

گورگێکت لێ موتوربە بکات، یان کەروێشکێکت لە ناخدا بچێنێ.

جوبرائیل گوتی:

– ئێوە هەمووتان خەریکی بە خێوکردنی کەروێشکەکەن.

عیسۆ پێکەنی و گوتی:

– گیاخۆرەکان وان، لەگەڵ کەروێشک گەورەبوون.

بە گاڵتەوە گوتی:

– موسڵمان پێمان دەڵێن ترسنۆک، واشە ترسنۆکین.

جوبرائیل گوتی:

– پیاوی ترسنۆک خەڵکی پێ ڕزگار ناکرێت، تۆ ڕزگارت کردووە.

عیسۆ گوتی:

– ئینسان هەم کەروێشکەکە لە ناخیدایە، هەم گورگەکەیە، کە دەسەڵاتی هەبوو گورگە و لە کاتی زەلیلیشدا کەروێشکە.

جوبرائیل گوتی:

ناکرێت هەر ئینسانەکە بێت و تەواو.

پیر عیسۆ گوتی:

– هەموو مەخلوقەکان بەشی یەکتریان تێدایە، ژیان دەتکاتە ئەوەی بۆ خۆی دەیەوێ، شەهلا کە بۆ خۆی فریشتەیەک بووە، بۆتە گورگی هەوەسی خۆی و وەک ڕێوی خۆی شاردۆتەوە و وەک کەروێشک گیراوە و مەرگی دیوە)). ( بنووسە خوێن، 2021، ل466-467). ئەو زمانەی لە ئەفسانە و حیکایەت و پەند و قسەی نەستەقدا هەیە لە زمانی کۆمەڵگەوە هەڵقووڵاوە لەو سەردەمە مێژووییەی تێدا بەرهەمهاتوون. پەند و قسەی نەستەق بە هونەریی دەربڕینی پڕ واتاوە دەردەکەون، کە لە ڕۆماندا بە بەردەوامی ئامادەییان هەیە، چ لە چەقی گێڕانەوە دابێت، چ لە دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان. ئەم دەربڕینە کورت و پڕ بەهایانە وەک دیاردەیەکی هونەریی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە گوتاری ڕۆماندا خۆیان دەنوێنن. بنەچە و ڕەگوڕیشەی پەند و وتە نەستەقەکان لە ڕستەی کورت، بەڵام پڕ لەواتادا خۆی دەبینێتەوە، چەندین ساڵە ئەزموونی ژیان و هزریی مرۆیی لە چەند وشەیەکی پوختدا بەرجەستە دەکەنەوە. ئەم وێنە زمانییە چڕەش بۆتە ڕەگێکی قووڵ و گرنگیی نەریتی گێڕانەوەی ئەدەبی. (حەمدان، 2008، ل151). بێگومان ئەمەش لە بنەڕەتدا بە زمان و شێوەزاری سادەی ڕۆژانەی خەڵک گەشەیکردووە، کە بەشێکی بەرچاوی ئەم ئەدەبە فۆلکلۆرییە گوزارشت لە بەها و ئاکارە جوانەکان دەکات، هەروەها ڕەتکردنەوەی لاوازی، ترس و سەرکوتکردنیش لەخۆدەگرێت. وشە و دەستەواژە و ڕستەکانیان لەناو دیالۆگی ڕۆمانەکاندا بەشێوەیەکی داهێنەرانە بەکاردەهێنرێن. ئەمەش ئامانجێکی هزریی و هونەرییە، کە هەم ڕەسەنایەتی دەپارێزێت و هەم ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی هاوچەرخیش دەبێت. ڕۆماننووس لەم دیالۆگەدا لە ڕێی کۆمەڵێک وەسف و لێکچوواندن، بەشێوەیەکی ورد و سەرنجڕاکێش لە نێوان مرۆڤ و چەند گیاندارێک، کە هەندێکیان سیفەتی دڕندە و هەندێک فێڵ و تەڵەکە و هەندێک سیفەتی بێدەسەڵاتی، بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێک وشە و دەستەواژەی پەندئامێز و قەسەی نەستەق، هەروەها چەند لایەنێک لە جوامێریی لەلایەن هەندێک مرۆڤەوە، کە تەنیا بیر لە کاری چاکە دەکەنەوە، لە ڕووی سیستەمی زمانییەوەش پشتی بە ڕستەی تۆکمە و دەربڕینی ڕوون و ئاشکرا دەبەستێت، بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕاستەوخۆ بخاتەڕوو. لەم دیالۆگەدا، ئیستاتیکای زمان لە ڕێگەی تێکەڵبوونی فەلسەفەی قووڵ و وێنەی ئەدەبی بەرجەستە دەبێت، بە تایبەتی لە بەکارهێنانی خوازە سروشتییەکان بۆ وەسفکردنی دۆخی دەروونی مرۆڤ، وەک هێمای "گورگ" بۆ هێز و دڕندەیی و "کەروێشک" بۆ ترس و بێدەسەڵاتی، کە پەیوەندییەکی سەرنجڕاکێش لە نێوان ڕەفتاری مرۆیی و خەسڵەتی ئاژەڵئاسا بەرجەستە دەکات. زمانی دیالۆگەکە بەردەوام لەسەر دووانەی دژ بەیەک دەجووڵێتەوە، "ترس و ئازایەتی، گورگ و کەروێشک، دەسەڵات و زەلیلی"، کە بنیاتێکی فەلسەفی قووڵ بە دەقەکە دەبەخشێت. جوانیناسیی زمانەکە لە شێوازی دەربڕینی "پیرعیسۆ" دەبینرێت بە بەکارهێنانی دووبارەی "ترسێک بگاتە دڵت، ترسێک"، کە ڕەزمێکی تایبەت بە دەقەکە دەدات. بەکارهێنانی دەستەواژەی وەک "موسوڵمان پێمان

دەڵێن ترسنۆک" ئاماژەیە بۆ ململانێی کولتووریی و ئایینیی کۆمەڵگە. ((ئەگەرچی شارستانیەت و ژیاری نوێ بە چەمکە مرۆییەکەی، کە خۆی لە ڕێزگرتنی مافی ژیان و ڕوانینی بابەتییانە بۆ مرۆڤ دەبینێتەوە، تاوەکو وەچەی مرۆیی لە ئێستا و داهاتوودا بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە بتوانن بە ئاسوودەیی و دوور لە ستەم و دەستدرێژی یەکتری بژین، لەگەڵ ئەوەشدا ململانێ و کێبرکێ نەتەوەیی و ئاینی و ئایینزاکان لە جیهان و چەوساندنەوەی هەژار و نەداران بەردەوامی هەیە)). (ڕەسوڵ، 2013، ل340-341). بیرکردنەوەی قووڵی فەلسەفی وەک "ژیان دەتکاتە ئەوەی بۆ خۆی دەیەوێ" دەوڵەمەندی دەقەکە زیاتر دەکات. لە دیالۆگەکەدا، دژیەکییەکی هونەریی دەبینرێت، کاتێک باسی ئەوە دەکرێت، کە "پیاوی ترسنۆک خەڵکی پێ ڕزگار ناکرێت"، کە پێچەوانەی چاوەڕوانی لۆژیکییە.

ئاشکرایە کولتووری ئێمە لە باوباپیرانەوە بە میرات بۆمان ماوەتەوە، کولتووریش هەندێکجار سنووردارکراوە و هەندێکجار داخراوە، هەندێکجاریش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کولتووری ڕۆژئاوا و وڵاتانی تر، ڕۆماننووس هەیە پەیوەستە بە کولتووری داخراوەوە، ڕۆماننووسیش هەیە پەیوەستە بە کولتوورێکی کراوە، ئەمجۆرە کولتوورانەش لە بەرهەمەکانییان ڕەنگدەداتەوە. کەواتە: زمانەکانیشیان جیاواز دەبێت لە دیالۆگدا، لەبەرئەوەی هەریەکەیان بە گوێرەی کارەکتەر، شوێنی مێژوویی، جوگرافی، سیفەتە هزریی و هونەرییەکان دەنووسێت، بەمجۆرەش زمانی دیالۆگەکە هەمەچەشن دەبێت، هەروەک لەم دیالۆگە ناڕاستەوخۆیە دوای گوللەبارانکردنەکە، کە باس لە کاتی بەر لە ڕووداوەکە دەکەن. ((- شەکیب ترومبێلەکەی ڕاگرتووە.

- ماڵی کپ ڕایدەکێشێتە ژووری.

- ئەڵبەت تێنووشی بووە.

- شیرینیش لە ماڵ نییە.

- دەنگی هانکە هانک و هەناسەی توندە

- هانکە هانک چەند نهێنی تر و تاساو تربێت هێندە کاسکەرتر و بەسەداترە.

هەموو خەڵکی گەرەک دەیانزانی بەڵام تا ئێستا کەس بۆ تاقە جارێکیش نەیگێڕاوەتەوە.

هەر ئەوەندە:

- کێشکەی سەردارتووەکە زووتر هەستیان پێکرد.

هەر ئەوەندە:

- میوەکان زۆر جوان ڕیزکرابوون.

هەر ئەوەندە:

- شیرین چوو بوو نانی گەرم بێنێ.

هەر ئەوەندە:

- سدیقە کوێر نانێکی دەبڵی سەر بە کونجیشی بۆ برژاند بوو، گوتبووی سامخان حەزی لێیەتی)). (بنووسە خوێن، 2021، ل23-24). ئەم دیالۆگە بەشێوەیەکی هونەرمەندانە و کاریگەر، وێنەیەکی ئەدەبی دەئافرێنێت، کە پڕە لە چاوەڕوانی و ڕاز. زمانێکی کورت و پڕ لە هەست بەکاردێنێت، تێیدا ڕووداوەکان بەشێوازێکی خێرا و بێ مێژوو دەگوازرێنەوە، وەکو وێنەیەکی سینەمایی، کە چەندین وێنە بە خێرایی یەک لە دوای یەک دەردەکەون. دووبارەبوونەوەی دەستەواژەی "هەر ئەوەندە" وەک ڕەزمێکی شیعریی کاردەکات و جۆرێک لە هاوئاهەنگی دەقی بەرهەمهێناوە. ڕۆماننووس بە وردەکاریی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش ئاماژە بە ڕووداوێک دەکات، کە "هەموو خەڵکی گەرەک دەیانزانی"، "بەڵام کەس باسی ناکات" ئەمە کەشێکی پڕ لە ڕاز و گومان دەئافرێنێت لە ڕێگەی زنجیرەی دوو وێنەی کورت و براو، بە وشەی وەک "کپ"، "هانکە هانک"، "هەناسەی توند" و "تاساو"، کەشێکی پڕ لە گرژی و ئاڵۆزی دەئافرێنێت، وەک نیشانە و هێمایەک بۆ بارودۆخێکی ناڕوون و پەرەسەندوو. ئەم وێنانە ڕەنگدانەوەیەکی ڕوونن بۆ ئەو هەست و بارودۆخەی کە لە ناخی ڕووداوەکاندا هەیە، تێیدا ناڕەحەتیی و ڕاز و چاوەڕوانیی بە هەستێکی بەهێز دەردەکەوێت. هەروەها دیمەنی زیندووی ئافراندووە لە ڕێگەی دەستەواژەکانی وەک "کێشکەی سەردارتووەکە"، "میوە

ڕیزکراوەکان"، "نانی گەرم" و "نانی کونجی". ئەم وێنانە ژیانی ئاسایی ڕۆژانە پیشاندەدەن، بەڵام لەناکاو دۆخەکە دەگۆڕێت. ڕۆماننووس بە لێهاتوویی توانیوویەتی کەشەک بگوازێتەوە بۆ کەشێکی پڕ لە چاوەڕوانیی و گومان، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ باسی ڕووداوەکە بکات. ئەمەش خوێنەر هاندەدات بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵکردن لەربارەی ئەوەی کە لە پشت ئەم وێنە ئەدەبییە ئاڵۆزەوە ڕوودەدات.

ئیستاتیکای زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەیاندنی بیرۆکە و ئەندێشەکانی ڕۆماننووس. ئەو جیهانەی، کە ڕۆماننووس دەیئافرێنێت لە ڕێگەی دەربڕینی زمانەوە گیانی بەبەردا دەکرێت و خوێنەر دەباتە ناو ئەو دنیا تایبەتە، بۆیە زمان تەنیا ئامرازی دەستی ڕۆماننووس نییە، بەڵکو گیانی ڕۆمانە، ئەو هەناسەیەیە، کە ژیان دەبەخشێتە دەقەکە و وێنە و کارەکتەرەکان. زمان وەک ئامرازی گواستنەوەی بیرە لای ڕۆماننووس، کە بیرۆکە و ئەندێشەکانی لە ڕێگەیەوە دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر. هەروەها دەتوانێت چەمک و بۆچوونە ئاڵۆزەکانی خۆی لە ڕێگەی کۆمەڵێک وشە، ڕستە و دەربڕینی تایبەت بەشێوەیەکی ڕوون و کاریگەر بگەیەنێت، هەریەک لەو وشە و دەربڕینانە دەتوانن بارگاوی بن بە واتا و وێنەی هونەریی و مەبەستێکی قووڵ، کە ڕەنگدانەوەی بیری ڕۆماننووسن. ((ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی و ڕۆمانیش بە شێوەیەکی تایبەتی هونەری زمانە و گوزارشت و تەعبیر کردنە لەو هزر و تێڕوانینەی نووسەر کە لە ڕۆمانەکەیدا دەیەوێت بیگەیەنێتە خوێنەر)). (حەسەن، 2012، ل228). هەر ڕۆماننووسێک دیدگایەکی تایبەتی بۆ مرۆڤ، ژیان و کۆمەڵگە هەیە، کە لە ڕێگەی زمانەوە ئەم دیدگایە دەگوازرێتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین: زمان باشترین و یەکەمین ئامرازی گەیاندنی بیرۆکەکانە. بۆ نموونە: هەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو وشە و ڕستە ڕوون و ڕەوانانە، ڕۆماننووس هەوڵدەدات یارمەتی خوێنەر بدات لە تێگەیشتنی ئەو بیرۆکە و وێنە و ئەندێشانەی، کە دەیەوێت بیگەیەنێت. زمان داهێنەری وێنەی هونەریی خەیاڵی ڕۆماننووسە، کە دەتوانێت لە ڕێگەیەوە جیهانێکی خەیاڵی بئافرێنێت، خوێنەر تێیدا بژیت و هەناسە بدات، ئەویش بە بەکارهێنانی زمانێکی ورد و وەسفێکی ڕێک و جوان، دەیباتە ناو جیهانی ڕۆمانەکە، وای لێدەکات هەستبکات بەشێکە لەو جیهانە. ڕۆماننووس دەتوانێت وێنەی هونەریی خەیاڵی هەستپێکراو بئافرێنێت لە ڕێگەی زمانەوە، کە یارمەتیدەرن لە گەیاندنی بیرۆکەکان، بەکارهێنانی دەربڕینی شیعریی، لێکچواندن و خوازە وێنەی ئەدەبیی و هونەریی دەتوانن بابەت و بیرۆکەکان بکەن بە شتێکی بەرجەستە و هەستپێکراو بۆ خوێنەر، ئەمەش نەک تەنها جوانکاری بە دەقەکە دەبەخشن، بەڵکو یارمەتییان دەدات بە قووڵی لە بیرۆکەکان تێبگەن و هەستیان پێبکەن.

وەک لەم دایالۆگەی نێوان "پیر عیسۆ" و "جوبرائیل"دا. ((پیر عیسۆ گریا فرمێسکە مەیلە و سورەکانی دەکەوێتە ناو ڕیشی، بە گریانەوە گوتی: - جوبرائیل کاری ئێستامان زۆر سەختە، سیمرغەکەی ئێمە گۆشتی مرۆڤی خواردووە، سیمرغەکەی ئێمە گۆشتەکەی لە بن زمانی نەشاردۆتەوە، تا دواتر برینەکانی مرۆڤی پێچاکاتەوە، نا جوبرائیل برا ماندووەکەم، سیمرغەکەی ئێمە گۆشتی مرۆڤی بە ئارەزووی خۆی خواردووە، سیمرخ گۆشتی ڕانی مرۆڤ بخوات مرۆڤ بە تێکڕایی شەل دەبێت، گۆشتی دەستی بخوات گۆجی دەکات، سیمرغەکەی ئێمە دڵی مرۆڤی خواردوە، ئیدی مرۆڤ دڵی بۆگەن دەکات، دڵی دەبێتە جێگای تاوان و تۆڵە ساندنەوە، دەبێتە جێگای بوغز و ئیهانە)). (بنووسە خوێن، 2021، ل489). لێرەدا زمان ئایدیۆلۆژیای ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی ستەمکار و سیستەمی کۆمەڵایەتیی چەوسێنەر دەگوازێتەوە. وێنەی هێمایی "سیمرغ" وەک خوازەیەکی هونەریی بەکاردێت، "سیمرغ" وەکو باڵندەیەکی ئەفسانەیی لە ئەدەبییاتی کلاسیکدا نوێنەری پاکی، چاکسازی و شیفادانە، بەڵام لێرەدا وەک هێمایەکی پێچەوانە پیشاندەدرێت، ئاماژە بە دەسەڵاتێکی زاڵ دەکات، کە خەڵکی ئاسایی دەچەوسێنێتەوە، کە بە "خواردنی گۆشتی مرۆڤ" وێناکراوە، ئەم وێنە هونەرییە دەربڕینێکە لە کۆمەڵێک کێشمەکێشی دەروونیی کە مرۆڤ تووشی دەبێت، ئەمەش وێنەیەکی بەهێزە لە تێکچوونی سروشتی پاکی و میهرەبانی مرۆڤ و گۆڕینی بۆ سروشتێکی توندڕەو و خراپەکار. واتا مرۆڤی داماڵیوە لە مرۆڤایەتی و سەرچاوەی ئازاری خەڵکە. کارەکتەری "جوبرائیل"، کە ڕۆماننووس ئەم ناوەی بۆ هەڵبژاردووە، دەکرێت هەم وەکو شایەتحاڵێک ئاماژە بێ بۆ سیستەمە پیرۆزکراوەکان، کە بەشێکن لە کێشە، هەم ڕەخنەیەک بێت لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئاین بۆ پاساودانی ستەم. "شەلکردن" ئاماژەیە بە توانای کارکردن، "گۆچکردن" ئاماژەیە بە دەستی کرێکار و توانای بەرهەمهێنان و "دڵخواردن"، کە گرنگترین بەشی پەرەگرفەکەیە ئاماژەیە بە هەستکردن، کە چۆن سیستەمی

ستەمکار توانیوویەتی هەست و سۆز و توانا و بەهاکانی خەڵک داگیربکات و ڕق و کینە دروستبکات، ڕێگە خۆشبکات بۆ تاوان و تۆڵەسەندنەوە و ئیرەیی و ڕیسواکردن. هەموو ئەمانەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر تاک و کۆمەڵگە دادەنێت. ڕۆماننووس هەوڵدەدات لە ڕێگەی پیشاندانی وێنەیەکی هونەریی، خوێنەر هانبدات بۆ بیرکردنەوە لە دۆخی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئەو کاریگەرییە نەرێنیانەی، کە دەسەڵاتی زۆردار بەرهەمدێنێت. ((جوبرائیل دەستی خستە سەر سینگی و گوتی: - ئەی عەبدولباری کوڕی شیرینم، ئاراسنی ڕزگار بوو بە دەستی فێیرۆنا، ئێستا تۆ مردوویت و بە ئارامی ڕاکشاوی، مەلایکەتی خوات دێنە سەرێ، چاویان شینە بە زمانێکی ڕەوان، پێیان بڵێ ڕووحی من و دایکە کەساسەکەت بکێشن و بیهێنن بۆ لای تۆ)). (بنووسە خوێن، 2021، ل490). لەم دایالۆگەدا ئیستاتیکای زمان وێنەیەکی هونەریی نەریتی خەم، داخ و شیوەن دەگوازێتەوە، کە تێکڕای ئازار، پەژار و ئارەزووی گەیشتن بە کوڕە مردووەکەی لە خۆدەگرێت. ئیستاتکای زمان لێرەدا لە چەند توخمێکی هونەریی بەکاردێت: تۆنی نزیک و نەرمی ناوبانگکردن "ئەی عەبدولباری کوڕی شیرینم" ئەم دەستپێکە گەرمی و خۆشەویستی باوکانە دەردەبڕێت پەیوەندیی کەسایەتی پیشاندەدات. کرداری جەستەیی وەک ئامادەبوون "دەستی خستە سەر سینگی" ئەمە هێمای بەردەوامی خەمە و پیشاندانی ئازارە. پاشگەز لە ڕاستی مردن "ئێستا تۆ مردوویت و بە ئارامی ڕاکشاوی" ڕستەیەکی هێمن و ئارامە، کە هەوڵدەدات ئاسوودەیی بدۆزێتەوە. وێنەی سەروسروشت "مەلایکەتی خوات دێنە سەرێ، چاویان شینە بە زمانێکی ڕەوان" ئەمە باوەڕی ئایینی و هیوای گەیشتن بەو دونیای دیکە دەردەبڕێت. داواکاری دڵتەنگانە "پێیان بڵێ ڕۆحی من و دایکە کەساسەکەت بکێشن" دوایین هەناسەی ئارەزووی یەکگرتنەوەیە و دەربڕینی نەتوانین لە جیابوونەوەیە، لەخۆبوردنی تەواو و ئارەزووی یەکگرتنەوەیە لە مەرگدا. لێرەدا ئیستاتیکای زمانی دەربڕین وێنەیەکی هونەریی قووڵی ئازاری لەدەستدانی منداڵ و شکستی پەیوەندیی نێوان دایک و باوک-کوڕ دەگوازێتەوە. ((کەی قوباد بە خەڵکەکەی گوتووە: - خۆتان بپارێزن، هەر کەسێک تامی گۆشتی ئینسان بکات هەرگیز لە خواردنی تێر نابێت)). (بنووسە خوێن، 2021، ل491). لێرەدا ئیستاتیکای زمان وێنەیەکی هونەریی ئاگاداری و هۆشداری فەلسەفی دەگوازێتەوە، کە چەند ڕەهەندی جوانی دەربڕینی تێدایە: شێوازی ئامۆژگاری و پەند، دەقەکە تۆنی فەلسەفی هەیە وەک پەندێکی کۆن دەردەکەوێت، کە ئەزموونی مێژوویی لەخۆدەگرێت. خوازەیی، "گۆشتی ئینسان" ئەمە هێمایەکی بەهێزە کە مەبەست لێی خراپەکاری دژی مرۆڤایەتییە وەک ستەم، زۆرداری، یان سووکایەتی پێکردنی کەسانی دیکە. یاسای ئالوودەبوون، "هەرگیز لە خواردنی تێر نابێ" ئەمە ڕاستییەکی دەروونییە، کە دەڵێت: خراپەکاری جۆرێک ئالوودەبوونە، کە هەمیشە زیاتر ڕوودەچێتە ناو تاوان و خراپەکاری و زیاتر داوای دەکات. ئاگاداری ڕەوشتی، زمانەکە هۆشداری ڕەوشتییە، کە خەڵک ئاگاداردەکاتەوە لە مەترسی دەستکردن بە خراپەکاری. ئەم زمانە هونەرییە وێنەی فەلسەفی، لەسەر سروشتی خراپەکاری دەگوازێتەوە، چۆن خراپەکار تووشی جۆرێک لە ئالوودەبوون دەبێت کە بە ئاسانی ناتوانێت دەستبەرداری بێت.

### ٤. ئەنجام:

1- ناونیشانی "بنووسە خوێن" خوازەیەکی ئیستاتیکییە بۆ ناو جیهانی ڕۆمانەکە، لە ڕێگەیەوە خوێنەر زانیارییەکی سەرەتایی لەبارەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە دەستدەکەوێت، ئاشنای چەند کارەکتەرێک دەبێت لە کۆمەڵگە پەراوێزخراون و ڕووبەڕووی ترس و ئازار دەبنەوە، تامی تاڵی ژیان دەچێژن. شیعرییەتێکی بەهێزی تێدایە، کە تەنها داواکارییەکی سادە نییە، بەڵکو هاوارێکە دژ بە ستەم و چەوسانەوە، بانگەوازێکە بۆ دۆزینەوەی واتا و مەبەستە قووڵەکانی بوون و وەستانەوە لە ڕووی نادادپەروەری. دەروازەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی ئەزموونە مرۆییەکان.

2- زمان دەبێتە توخمێکی سەرەکیی و کاریگەر بۆ دەربڕینی ڕووداوەکان، وێنەیەکی ئیستاتیکی زیندوو لە کولتووری کۆمەڵگەی کوردی لە دوو دەیەی سەدەی ڕابردوو دەکێشێت، کە فرەڕەهەندە و چەندین چینی واتا و دەلالەتی شاراوە لەخۆدەگرن، بەمەش خوێنەر دەباتە ناو قووڵایی ڕووداوەکان.

3- بەزمی تێکەڵکردنی کەتوار و خەیاڵ، دەبێتە ئاوازێکی هونەریی خۆش، کە ڕووداوەکان دەوڵەمەنتر دەکات. ڕۆماننووس لە پاڵ ڕووداوە کەتوارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا، پەنا بۆ ڕووداوی فانتازی دەبات تا ڕۆمانەکە لە

چوارچێوەی گێڕانەوەیەکی ئاسایی ڕزگار بکات، ئەمەش جۆرێک لە شیعرییەت و نالۆژیکی بە ڕووداوەکان دەبەخشێت، کە کاریگەرییەکی قووڵتر لە دڵ و هزری خوێنەردا بەجێدێڵێت.

4- دایالۆگەکان جیهانی ناوەوە و دەرەوەی کارەکتەرەکان پیشاندەدەن. ڕۆماننووس هونەرمەندانە سنووری نێوان زمانی فەرمی و زمانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی تێکدەشکێنێت. لە ڕێگەیانەوە دەروونی کارەکتەرەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەها مرۆییەکان دەخاتەڕوو. زمانی دایالۆگەکان ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی، گەیاندنی پەیام و بەرجەستەکردنی جوانی و ڕەسەنایەتی. هەموو ئەمانەش بەرهەمێکی هونەریی دەئافرێنن.

**سەرچاوەکان:**

**کتێب:**

**بە زمانی کوردی:**


- ئەرستۆ (2019)، هونەری شیعری، و: لە عەرەبییەوە ڕەمەزان حەمەدەمین قادر، چاپخانەی چوارچرا، کۆیە.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (2023)، زانستی جوانی خوێندنەوەیەکی سۆسیۆ- ئیستێتیکی بۆ جوانی و ناشیرینی، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- پیربال، فەرهاد (2005)، شیعری نوێی کوردی 1898-1958، چاپ و بڵاوکردنەوەی: دەزگای کوردستان، هەولێر.
- تۆفیق، قەیس کاکل، (2007)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
- حەسەن، د. ئیبراهیم (2012)، ڕەنگدانەوەی کەلەپوور لە ڕۆمانی کوردیدا (باشووری کوردستان 1985-1991)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- خۆشناو، هێمن عومەر (2010)، شیعرییەتی دەقی چیڕۆکی کوردی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری پراکتیکییە، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.
- ڕۆژبەیانی، زاهیر (2011)، کاروباری گێڕانەوە، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ڕەسوڵ، ڕەسوڵ حەمەد (2013)، جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو ساڵی (2000-2010)، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- ڕەشید، فۆئاد (2007)، دەقی ئەدەبی ئەدگار. چێژ. بەها، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
- سدیق، ئارام (2010)، ناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- سەراج، عەبدوڵڵا (2007)، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- غەریب، جەبار جەمال (2012)، بنووسە خوێن، ناوەندی فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.
- فەتاح، محەمەد مەعروف (2011)، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر.
- کالەر، جۆناسان (2020)، تیۆری ئەدەبی کورتەناساندنێک، و: سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن، چاپخانەی فێربوون، چاپی یەکەم، هەولێر.
- مارف، ئەوڕەحمان (2000)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەشی پێنجەم، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- محەمەد، سمکۆ (2021)، ئیستاتیکا دیالیکتیکی ئەخلاق و زانست، ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین، چاپی یەکەم هەولێر.
- محەمەد، میران جەلال (2009)، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- محەمەد، ئیبراهیم قادر (2024)، ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.
- مەجید، دیار فایەق (2021)، شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردی، چاپخانەی خاک، چاپی یەکەم، کەلار.
- میراودەلی، عومەر (2008)، زمانی دەق، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ئیبن خەلدون، عەبدولڕەحمان (2016)، موقەدیمەی ئیبن خەلدون، و: سەعید بەشیر، بەرگی دووەم، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی.


**بە زمانی عەرەبی:**


- بن جني، ابی الفتح عثمان (2000)، الخصائص، الجزء الأول، مطبعة دار الكتب المصرية.
- تشيتشرين، أ. ف. (1964)، الأفكار والأسلوب، ت. حياة شرارة، الطبعة الأولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
- يوسف، د. امينه (2015)، تقنيات السرد فى النظرية والتطبيق، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الثانية، بيروت.


**نامە ئەکادیمییەکان:**

**بە زمانی کوردی:**


- ابابکر، خدر رسول (2022)، جەنگ و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە (توێژینەوەیەکی شیکاری ناوەڕۆکە، بۆ ڕۆمانە کانی کەوتنی ئاسمانە کان و سەردەمی گریانی بە لقیس)ی جەبار جەمال غەریب، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- سلێمان، ئازاد عەزیز (2022)، سیاسەت و پلانی زمان لە ڕاگەیاندندا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نموونە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- قادر، کارزان موحسین (2008)، سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لەنێوان ساڵانی 1991- 2000، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی

سەلاحەدین، هەولێر.
– کاکە محەمەد، بوشرا قادر (2022)، ئیستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا لێکۆڵینەوەیەکی بونیادگەرییە، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

**بە زمانی عەرەبی:**

– اشعیل، ابراهیم (2013)، لغة التعریف و تعریف اللغة، رسالة الماجستیر، جامعة سیدي محمد بن عبدالله، فاس.

**گۆڤار:**

**بە زمانی کوردی:**

– عارف، حەمە کەریم (2019)، بایەخی کاراکتەر لە کاری ڕۆمانەوانیدا، گۆڤاری ئێوارە، ژمارە: 1.
– گەردی، ژوان عەبدولسەلام عەزیز (2023)، تەکنیکی دیالۆگ لە ڕۆمانی (ئاگری بن کا)ی سەعید ناکامدا، گۆڤاری کۆلێژی زمان، ژمارە: 48، بەغدا.
– مەنتک، محەمەد ئەحمەد حەسەن (2015)، ئیستاتیکای زمان لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)ی جەبار جەمال غەریبدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە: 32، هەولێر.

**بە زمانی عەرەبی:**

– حمدان، د. عبدالرحیم (2008)، اللغة فی الروایة " تجلیات الروح" للکاتب محمد نصار، مجلة الجامعة الأسلامیة، سلسلة الدراسات الأنسانیة، مجلد السادس عشر، العدد الثاني، غزة.

## جماليات اللغة في الرواية بنموذج رواية " بنووسه خوێن " ل"جبار جمال غريب"

**كارزان نامق قادر**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين – أربيل، حكومة إقليم كردستان، العراق
karzan.n.qader@su.edu.krd

**كارزان محسين قادر**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين – أربيل، حكومة إقليم كردستان، العراق
karzan.qader@su.edu.krd

**ملخص**

جمالية اللغة الروائية، هي فن استخدام اللغة لخلق عالم أدبي مليء بالأحاسيس والمشاعر والخيال، حيث يضفي الروائي الصوت واللون لمواضيعه وأفكاره وقصصه من خلال الكلمات، والعبارات، والصور الأدبية، والشعر، والحوار، والوصف، والسرد الفني. ولا يقتصر الأمر بجماليات الجمل، بل بالقدرة اللغوية لنقل مشاعر ورؤئ والحالات النفسية للشخصيات. وانطلاقا من هذا السياق، تلعب دورًا مهمًا في صياغة بنية الرواية ومحتواها، ونقل القارئ إلى أجواء وعالم هذه القصص. وهذه الخصائص هي الاختيارات الواعية للروائي، والتي تصبح جزءًا لا يتجزأ من هويته وأسلوبه الفريد في هذا النتاج "الرواية". وهذا البحث بعنوان (جماليات اللغة في الرواية، – رواية "بنووسه خوين" انموذجاً – لجبار جمال غريب). هدفنا هو إظهار جماليات اللغة في الرواية، استناداً لنص أدبي معاصر، وبالخصوص في نقد الرواية، وخاصة في سياق رواية "بنووسه خوين"، حيث لم تتم دراسة جماليات اللغة في الرواية بشكل تفصيلي فيها، وفي هذه الدراسة نؤكد على أن اللغة هي الركيزة الأساسية للنص، والتي تشكّل الجوانب الجمالية للنص، وتتركّز فيه متعة النص وجمالياته.

**الكلمات المفتاحية:** الرواية، الجمالية، اللغة، بنووسه خوين.

## The Aesthetics of Language in the Novel: A Study of Jabar Jamal Gharib's "Bnwsa khwen"

**Karzan Namq Qader**
Department of Kurdish Language, College of Basic ,Education, Salahaddin University – Erbil
Kurdistan Region, Iraq
karzan.qader@su.edu.krd

**Karzan Mohsin Qader**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University – Erbil,
Kurdistan Region, Iraq
karzan.n.qader@su.edu.krd

**Abstract**

The aesthetic quality of language in the novel is fundamental to crafting a literary universe filled with emotion and imagination. Through deliberate use of vocabulary, imagery, poetic expression, dialogue, description, and narrative techniques, the novelist breathes life into characters, ideas, and stories. This aesthetic dimension is not limited to the elegance of sentences; rather, it encompasses the deeper capacity of language to express the emotional states, thoughts, and atmospheres surrounding the characters. Language, therefore, plays a crucial role in both the construction of the novel's structure and the immersion of the reader into its fictional world. These stylistic choices reflect the novelist's conscious artistic decisions, forming a distinctive hallmark of their literary identity and narrative voice. The present study, titled (The Aesthetics of Language in the Novel: A Study of Jabar Jamal Gharib's "Bnwsa khwen"). seeks to analyze the role of language aesthetics within a contemporary literary work. Despite its importance, the aesthetic function of language— particularly in the critical study of novels such as "Bnwsa khwen"-has received limited scholarly attention. This research highlights language as a core textual component, responsible for shaping the novel's internal structure and aesthetic appeal, and for offering readers much of the novel's emotional and artistic experienc

**Keywords:** novel, aesthetics, language, Bnwsa Khwen.